گـۆڤـاری زانـكۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة ڕابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(11).No(5).Paper16

ڕێــكەوتــی وەرگــرتــن: 05/03/2023
ڕێكەوتی پەسەندكردن: 08/05/2023
ڕێكەوتی بلاوكردنەوە: 29/10/2024

# ململانێی پارتە سیاسییە كوردستانییەكان و كاریگەری لەسەر سەقامگیری كۆمەڵایەتی

**كیفی هادی محمد[1] - عبدالحمید علی سعید بەرزنجی[2]**

kaifyhady1@gmail.com - abdulhameed.barzinchi@su.edu.krd

[1+2]بەشی كۆمەڵناسی، كۆلێژی ئاداب، زانكۆی سەلاحەددین ، هەولێر، هەرێمی كوردستان، عێراق.

## پوختەی توێژینەوەكە:

ئامانجە سەرەكییەكانی ئەم توێژینەوەیە دۆزینەوەی كاریگەرییەكانی ململانێی پارتە سیاسییەكانی هەرێمی كوردستانە لەسەر سەقامگیریی كۆمەڵایەتی، هەروەها دەرخستنی شێواز و ئاستی ململانێی پارتە سیاسییەكانی هەرێمی كوردستانە. پارتە سیاسییەكان چ ڕۆڵ و كاریگەریان لە نێو كۆمەڵگادا هەیە، تاچەند كاریگەری ئەرێنی و نەرێنیان بەسەر دامەزراوە فەرمییەكان و كۆمەڵگای مەدەنیدا هەیە، بونی پارتە سیاسییەكانی هەرێمی كوردستان تاچەند جێگەی متمانەو بایەخ بوە لە نێو كۆمەڵگادا. دواتر لە پاشخانی تیۆری توێژینەوەكەدا توێژەر بۆی دەركەوتوە، لەگەڵ بونی ململانێی توندی نێوان پارتەكان، هەمیشە سەقامگیری كۆمەڵایەتی لە ژێر هەرەشەدایە، هاوكات دەركەوتوە، لە ململانێی قوڵی سیاسیدا، نایەكسانی و نادادپەروەری و لە زۆربەی بوارەكانی ژیانی تاكەكان و كۆمەڵگەدا سەرهەڵدەدات. هەر كاتێك شەڕو ململانێی توند لە نێوان پارتەكان هەبێت، كاریگەری لەسەر لایەنی ئابوری و گەشەپێدان و پێشكەوتن دەبێت. ململانێی سیاسیی توند كاریگەری لەسەر گۆڕانی كۆمەڵگە و ناسەقامگیری و ئاسایش و نائارامی خەڵك دەهێنێتە ئاراوە. لە بونی ململانێی سیاسییدا، كاریگەری دەبێت لەسەر تێكشكانی بونیادی كولتوری كۆمەڵگە (ناپێوەری_ئەنۆمی).

**وشە كلیلەكان** ململانێی سیاسی، پارتی سیاسی، سەقامگیری كۆمەڵایەتی.

## پێشەكی

ململانێی پارتە سیاسییەكان، بە كۆمەڵگایەكی تایبەت پەیوەست نییە، بەڵكو لە زۆربەی كۆمەڵگاكاندا بونی هەیە، وەكو دیاردەیەكی بینراو هەستی پێدەكرێت، لە نێوان سیستەمی سیاسیی و شێوازی ململانێكاندا

پەیوەندییەکی پتەو هەیە، چونکە سیستەمی سیاسی جۆری ململانێکان دیاری دەکات، بۆ نمونە لە چوارچێوەی سیستەمە دەستوریی و دیموکراسییەکاندا، ململانێکان لە بازنەییەکی ناتوندوتیژی دەخولێنەوە، بەڵام لەناو سیستەمە نادیموکراسییەکاندا ململانێی پارتەکان سەردەکێشێت بۆ پێکدادان و پاکتاوکردنی یەکترو یەکتر سرینەوە، لە هەرێمی کوردستانیش چەندین پارتی جیاواز هەن، هەر یەکەیان هێز و توانای خۆی خستۆتە کار بۆ ئەوەی پارتەکەی بەرامبەری بسڕێتەوە، بەمەش گیانی قبوڵکردن و سەقامگیری کۆمەڵایەتیان خستۆتە مەترسیەوە، پارتە سیاسییەکان لە هەرێمی کوردستان سیمایەکی ناتەندروستی بەکۆمەڵگای کوردستانی بەخشیوە، خاڵی بنەڕەتی جیاوازی نێوان ململانێی سیاسی و کێبڕکێی سیاسی لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، کە ئەمەش بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ بەهاو پرەنسیپە دیموکراسیەکان ناگونجێ، کە هەمیشە بە بەردەوامی لەکاتی پرۆسەی هەڵبژاردنەکان و دوایی پرۆسەکەش لە ململانێ توندی سیاسیدان، هەرکاتێک ئەم ململانێیەی نێوان پارتە سیاسییەکان توندبوبێت، ئەوا سەقامگیری کۆمەڵایەتی دەکەوێتە مەترسیەوە، سەقامگیری کۆمەڵایەتی هەمیشە پێویستی بە ژینگەیەکی سیاسیی لەبار و هاوسەنگ هەیە، کەتێیدا کار بۆ دەستەبەرکردنی پانتاییەک بکات، بۆ دەربڕینی بیروڕا و فەراهەمکردنی هەمو بوارەکانی سیاسیی و کۆمەڵایەتی و خزمەتکردن، بەو هەنگاوەش سەقامگیری کۆمەڵایەتی سیمای شارستانیەتی خۆی وەردەگرێت، لە توێژینەوەکەشدا کە چەند تەوەرێک لەخۆدەگرێت، ئەمانیش بریتین لە ڕەگەزە سەرەکییەکان وەکو کێشەو گرنگ و ئامانج، لەتەوەرێکیتردا چەمکەکانی توێژینەوەکانم ناساندوە، کە بریتین (ململانێی سیاسی، پارتی سیاسی، سەقامگیری کۆمەڵایەتی)، هەروەها لە چوارچێوەی تیۆری بابەتەکە ململانێی سیاسی و سەقامگیری کۆمەڵایەتی لە ڕوانگەی فەیلەسوف و زاناکان خراوەتەڕو، پاشان لەتەوەرێکی دیکەدا کە خۆی لە ناوەڕۆکی توێژینەوەکە دەبینێتەوە، ئەوانیش مێژوی سەرهەڵدانی پارتی سیاسی و ململانێی پارتە سیاسییەکان و هۆکارەکانی ململانێی و کاریگەری پارتە سیاسییەکان لە ناو کۆمەڵگای کوردستانی و متمانەی خەڵکی کوردستان بە پارتە سیاسییەکان و لە کۆتایشدا دەرئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیارمان خستۆتەڕو.

## یەکەم: ڕەگەزە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە.

### 1. کێشەی توێژینەوەکە

کێشەی توێژینەوە هەنگاوی دەستپێک و خاڵی سەرەکی توێژینەوەی کۆمەڵایەتییە، لەم ڕوانگەوە لە سۆنگەی هەستکردنی توێژەر بە بونی بابەتێک کە شایەنی لێکۆڵینەوەیە، کە تێدا هەست بەبونی کێشەیەک دەکات و بیر لە دۆزینەوەی ڕێگایەک دەکاتەوە بۆ چارەسەرکردنی، ئەم بابەت و کێشە سەرەتایەکن بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی زانستی.(ابوسلیمان، 2005: 47). هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە بۆ توێژینەوە لە ئەنجامی دروستبونی چەند پرسیارێک و هەستکردن بە بونی کێشە لەلایەن توێژەرەوە سەرچاوەی گرتوە، ئەویش

گەڕانەوە بەدوایی دۆزینەوەی وەڵامگەڵێکی زانستیانەوەو ڕون بۆ ئەو کاریگەرییانەی ململانێی لە نێو پارت و لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان و کاریگەرییەکانی لەسەر سەقامگیری کۆمەڵایەتیی دروستی دەکەن، زانایانی کۆمەڵناسی لە قوتابخانەی ئەرکگەرایی پێیان وایە کە دیاری کردنی کێشەی توێژینەوە گرنگترە لە چارەسەرکردنی خودی کێشەکە.(البرواری، 2020: 72). لە ژێر ڕۆشنایی ئەوەی لە سەرەوە خستمانە ڕو بۆ دەست نیشانکردن و ڕونکردنەوەی زیاتری کێشەی توێژینەوەکە، توێژەر لەم توێژینەوەیەدا بە دوایی دروستی ئەم پرسیارانەی خوارەوەدا دەگەڕێ:

بۆیە گرفتی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە کە پەیوەستن بە ناونیشانی توێژینەوەکەوە؛ وەکو:

1.شێوازی ململانێی پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان لە چ ئاستێکدایە؟

2.هۆکارەکانی ململانێی پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان چین؟

3. ململانێی پارتە سیاسییەکان چ جۆرە کاریگەریەکیان لە سەقامگیری کۆمەڵایەتی کردوە؟

4. ئایە ململانێی حزبە سیاسییەکان بونەتە مەترسی لەسەر سەقامگیری کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان؟.

واتە گرفتی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە شیکردنەوەی شێوازی ململانێی پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان وەکو هۆکاری کاریگەر (گۆڕاوی سەربەخۆ) لەسەر سەقامگیری کۆمەڵایەتی وەکو هۆکاری پاشکۆ (دەرئەنجام).

## 2.گرنگی توێژینەوەکە:

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کەبابەتێکی هەستیاری کۆمەڵناسی سیاسی تاوتوێ دەکات، بۆیە ئەم پسپۆرییە لە کوردستان بەتایبەت لە ئەمڕۆی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەلای خەڵکی کوردستان و ئەکادیمان جێگای بایەخ دەبێت.

لەبواری تیۆریدا: ئەم توێژینەوەیە، تیشک دەخاتە سەر ململانێییەی نێوان پارتە سیاسییە کوردستانییەکان، ئەوەی ئەمڕۆ و ڕابردو لە هەرێمی کوردستان بەرچاوە، ڕەنگە کۆمەڵگەی توشی ناسەقامگیری قوڵ بکات و هەمو جومگەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی بگرێتەوە. بۆیە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە گرنگی زۆری بۆ بواری کۆمەڵناسی بەگشتی و بەتایبەتی کۆمەڵناسی سیاسی هەیە، هەمو ئەم پرسانە لەم توێژینەوەیەدا ڕوندەکرێنەوە، ئەمەش بە خاڵێکی گرنگ دادەنرێت، لەبەر ئەوەی ئەم بابەتە لە ڕوی زانستییەوە وەکو پێویست ئاوڕی لێ نەدراوەتەوە و کاری لەسەر نەکراوە، بۆیە توێژەر لەم توێژینەوەیەدا هەوڵیداوە بە سود وەرگرتن لەسەرچلوەکانی هەردو بواری کۆمەڵناسی و زانستە سیاسییەکان لەم دو گۆشە نیگایەدا زیاتر بەرچاوڕونی بدات. بۆیە لەداهاتودا ئەم توێژینەوەیە، دەکرێت ببێتە یەکێک لەسەرچاوە زانستییەکان بۆ

توێژەران و پسپۆران و ئەکادیمیان، کە بیانەوێت توێژینەوە لەسەر پارتە سیاسییەکان، یاخود لە بواری کۆمەڵناسی سیاسی ئەنجام بدەن. یاخود خودی پارتە سیاسییەکان لەم لایەنەوە ئاوڕێک لەو ململانێیەی خۆیان بدەنەوە و زانستیانە کار بۆ هەنگاوی کاری سیاسیان بهاوێژن.

## 3.ئامانجەکانی توێژینەوەکە

هەمو توێژینەوەیەک کۆمەڵێک ئامانجی تایبەت بەخۆی هەیە، ئەم توێژینەوەیەش چەند ئامانجێکی هەیە کە بریتین.

1- دەرخستنی شێوازی و ململانێی پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان.

2- زانینی هۆکارەکانی ململانێی پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان.

3- دەرخستنی کاریگەری ململانێی پارتە سیاسییەکان لەسەر بوارەکانی سەقامگیری کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان. بوارەکانی: مرۆیی (کۆچی هاووڵاتیان بۆ دەرەوە)، ئابوری (ئاستی بژێوی )، سیاسی(کار و بەرنامەی حکومەت)، کۆمەڵایەتی ( پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان (ڕۆشنبیری (هەستی نیشتمانی و ڕێزگرتن لەبەها پیرۆزییەکانی وڵات، کلتوری توندوتیژی).

-4 دەرخستنی ململانێی حزبە سیاسییەکان تاچەند بونەتە مەترسی لەسەر سەقامگیری کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان.

## دووەم: دیاریکردنی چەمکەکانی توێژینەوەکە

### 1.ململانێی سیاسی

کۆمەڵگا پانتاییەکی فراوانی ملمڵانێیە لەهەمو ئاستەکانیدا، ئەمەش دەبێتە مەرجی یەکەمی مانەوەی کۆمەڵگاکان لەسنوری گەشەکردن و خۆدروستکردن لە ڕوی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و هەر بوارێکی دیکەی ژیان، ئەو ململانێیە جا بەشێوەی ئاشتی بێت یاخود بەرێگای توندوتیژی ئەنجام بدەدرێت.
هەر لەبارەی ململانێی سیاسی، تۆماس هۆبز فەیلەسوفی بەریتانی، بەم شێوەیە خستۆیەتیەڕو، سەرچاوەی سەرەکی کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان لەهەوڵی مرۆڤەکاندا بۆ پاراستنی خۆی و بەربەرەکانێی لەگەڵ هەڕەشەی مەرگی پیشوەختە دەزانی. بۆیە ژیان لەچاو ئەوەوە تێکۆشانێک بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات بو کەهەر لەمەرگ و نەماندا کۆتایی پێدەهات.(hobbes,1651: 54). هەروەک زانایان مارکس و ئینگڵس پێیان وایە، سەرچاوەی کێشەو ململانێی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە خاوەنداریەتی و مڵکداری تایبەت و جیاوازی قازانجی مادی نێوان چینەکانی کۆمەڵایەتیدا دەدۆزنەوە. لە ڕوانگەی ئەوانەوە کێشە چینایەتیەکان گرنگترین جۆری ململانێی لە کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتیدا و ئامانجی کۆتایی دەست بەسەرداگرتنی سەرچاوەکانی دەسەڵات و کەرەسەی بەرهەمهێنانە. (مارکس،1964: 180). لەلایەکی ترەوە لەلایەن توێژەران، بەم شێوەیە

ململانێی سیاسیان ناساندوە، بریتییە لە ململانێی نێوان هێزەکان، کە هەر هێزێک هەوڵدەدات کۆنترۆڵی هێزەکانی تر بکات و هەژمونی خۆی بسەپێنێ. لەگرنگترین ئامرازەکانی ململانێی سیاسی وەک: حزبی سیاسی و سەندیکا و گروپی فشار و سەرکردایەتیە. لەگرنگترین ئامرازە بابەتیەکانیشدا، ئایدیۆلۆژیاو ڕای گشتیە. (عبدالكافی،2012: 19).

لە پێناسەی ڕێککاری توێژەر بۆ ئەم چەمکە، ململانێی سیاسی. بریتییە لەو ڕەفتار و چالاکیانەی کە بەشێکە لەکاری سیاسی هەر پارتێک، وەک بەکارهێنانی دروشم و بانگەشەو، خۆپیشاندان هەندێ جار تا دەگاتە بەکارهێنانی هێز و شەڕی چەکداری لەپێناو گەیشتن بەدەسەڵات و جێبەجێکردنی ئەو ئامانجەی هەیەتی، بۆ خزمەت کردنبێت، یاخود سەپاندنی هەژمون و خۆسەپاندن بەسەر هاووڵاتیان.

## 2. پارتی سیاسی

لەیاسای ژمارە (17)ی لە 10/13 ساڵی 1993 ئەنجومەنی نیشتمانی هەرێمی کوردستان لەیاسای حزبەکانی هەرێمی کوردستاندا، پێناسەی حزب بەم شێوە دەکات: حزب ڕێکخراوێکی سیاسی خاوەن کەسایەتیەکی مەعنەویە و لەیەکگرتنێکی ئیختیاری پێک دێت لە نێوان کۆمەڵە کەسانێکی سروشتیدا کە چەند بیرو باوەڕ و ئامانجێکی هاوبەشی ڕاگەیەنراو لەپرۆگرامێکی حزبدا کۆیان دەکاتەوەو هەوڵدەدەن بەڕێوشوێنی دیموکراتیانە بەدییان بهێنن.(ئەنجومەنی نیشتمانی،1993: 227). چەمکی پارتی سیاسی بەمانای گروپ و تاقمی سیاسی، چەمکێکی لە ڕاستیدا مۆدێرنە لە ڕۆژئاوا سەری هەڵدا، یەکەمین پارتە سیاسییەکان بەمانای دروست بونی وشەکە لەسەرەتاکانی سەدەی نۆزدەیەم لەوڵاتە یەکگرتوەکاندا دەرکەوت.(بشیریە،2009، 286).

پارتی سیاسی لەڕوی زمانەوانییەوە مانای کۆمەڵێک یان گروپێک دەگەیەنێت، بەڵام لەڕوی زاراوەییەوە پێناسەی پارتی سیاسی لای بیری لیبرلی ڕۆژئاوایی خۆی لەگەیشتن بەدەسەڵات دەبینێتەوە، لەوانە (ئۆستن ڕینی) بۆ پارتی سیاسی دەڵێت: کۆمەڵێکی ڕیکخراوی خاوەن سەربەخۆیەکی خودییە، پاڵیوراوان دیاری دەکات، دەچێتە نێو ململانێی هەڵبژاردن بەهیوای بەدستهێنانی پایە حکومییەکان.(رینی،1966: 65). پارتی سیاسی لە (فەرهەنگی ئۆکسفۆردی کۆمەڵناسی) دا ئاماژە بۆ ڕێکخراوێکی فەرمی لەپێناو نوێنەرایەتی کردنی ئامانج و بەرژەوەندی هێزەکانی سۆسیۆلۆجی _ ئابوری لەبواری سیاسیدا، پارتە سیاسییەکان لە هەوڵدان بۆ ڕێکخستن و زاڵبون بەسەر دامەزراوەکانی حکومەت و ئامادەکردنی سەرکردەی نیشتمانی. (شیراوی،2021: 15).

لەپێناسەی ڕێکاری توێژەر بۆ پارتی سیاسی، بەشێوەیەکی گشتی دەکرێت لە لێکدانەوانەی هەمو ئەو چەمکانەی سەرەوە، بەم شێوەیە پارتی سیاسی بناسێنین: ئەو دامەزراوەیە کە لە کۆبونەوەی کۆمەڵە

کەسانێک پێکهاتوە کە بەرژەوەندییەکی هاوبەش لە ڕوی ڕێکخراوەیی و نەتەوەیی و ئابوری بەیەکیان دەبەستێتەوە و ئامانجی سەرەکییان گەیشتنە بەدەسەڵات.

### 3.سەقامگیری کۆمەڵایەتی

سەقامگیری کۆمەڵایەتی، لەشیکردنەوەی کۆمەڵایەتیدا، پەیوەندی بەسەقامگیری و هاوسەنگی و ناو کۆمەڵگاوە هەیە لە کۆمەڵناسیدا ئەم چەمکە زیاتر جەخت دەکاتە سەر ئەو بنەمایانە کە یارمەتیدەرن یان پشتگیری لەواقیعی کۆمەڵایەتی پێکهاتە کولتوری و سیاسییەکانی دەکات، وەک سیستەمی جیاوازی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و ڕۆشنبیری تا ئەو ئاستەی ئەم سیستەمانە دەتوانن لە ڕێگەی ژینگەی کۆمەڵایەتیەوە کاربکەن و توانای ژیانی کۆمەڵگا پێشبخەن.

سەقامگیری کۆمەڵایەتی لای دۆرکایم: بریتییە لە دۆخێکی ئارام و چەسپاو تێدا تاکەکانی کۆمەڵگا توانای بەدیهێنانی خەون و ئامانجەکانیان هەیە، لە دەرئەنجامی بارودۆخێکی دروست و سەقامگیر لەڕوی ژیانەوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هاوسەنگی کۆمەڵایەتی نێوان هێزە سیاسی و دەسەڵاتدارەکان و گروپە ئاینییەکان لەو کۆمەڵگایەدا.(1966:11,firth). لەچوارچێوەی سەقامگیری کۆمەڵایەتی تالکۆت پارسۆنز، لای وایە یەکگرتوی کۆمەڵگا پەیوەستە بەیەکگرتویی ڕێکخراوەیی و ڕۆشنبیری و شارستانیەتی، کەدەبێتە هۆی دروستبونی سەرچاوەی بەهێزبونی کارەکان و ئاڕاستە کردنیان بەهۆی باشی ئەم یەکگرتویی و ڕێکخراوەیی و ڕۆشنبیرییەوە ڕێکخستنێکی کۆمەڵایەتی وا بەدەست دێت کە هاوسەنگ و سەقامگیرە.(الحسن، 2003: 108). سەقامگیری کۆمەڵایەتی، بریتییە لەبونی نمونەی کۆمەڵایەتی و کلتوری لە کۆمەڵگا خۆجێییەکان و کۆمەڵگا گەورەکان، بێ ئەوەی ڕوبەڕوی گۆڕانی لەناکاو یان ڕیشەیی بێت، ئەمەش لەبارودۆخێکی جێگیر و یان چەقبەستو دەمێنێتەوە. (عبدالحمید،2003: 77). سەقامگیری کۆمەڵایەتی یان هاوسەنگی کۆمەڵایەتی، بریتییە لە جۆریک هاوبەشی لەنێوان کۆمەڵێک دیاردەی هاوبەند یان بەیەکەوە بەستراو بەجۆرێک کە ئەم هاوبەشیە لەوانەیە ڕوکەش بێت یان دینامیکی بێت، واتا لە نوێبونەوە دادەبێت یان لە دۆخی ستاتیکی چەق بەستویی دادەبێت. (علی،2010: 10).

پێناسەی ڕێکاری سەقامگیری کۆمەڵایەتی: لەمیانی هەمو ئەو باس و بابەتانەی کەباس لەسەقامگیری کۆمەڵایەتی دەکرێت: سەقامگیری کۆمەڵایەتی، بریتییە لە دۆخی گەشەسەندوی هاوسەنگی کۆمەڵایەتی، واتا دۆخی هێمنی و ئارامییە لەنێو کۆمەڵگادا، ئەمەش وادەکات توانای تێرکردنی پێداویستییەکان و بەدیهێنانی ئامانجەکان لە خۆدەگرێت. لەبەرامبەردا خۆگونجاندنی ئەندامانی کۆمەڵگا بۆ یەکتری و سیستەمی کۆمەڵایەتی زاڵتر دەکات.

**سێیەم: ئاڕاستە تیۆرییەکان.**

- **تیۆری ململانێی سیاسی:** تیۆری ململانێی یەکێکە لە تیۆرە ناسراوەکان و کایە گرنگەکانی کۆمەڵناسی، تایبەتمەندی ئەم بابەتەش لە دونیای ئەمڕۆماندا گەیشتۆتە ئاستێک کە ببێتە بوارێکی گرنگ لەناو سۆسیۆلۆژیاو قوتابخانەیەکی تایبەت بەناوی(تیۆری ململانێی) بێتەکایەوە.

1. **(ماكس ڤێبەر 1864-1920).**

ڤێبەر، یەکێک بوە لەو کۆمەڵناسانەی لەبارەی ڕۆڵی پارتی سیاسی و سەرهەڵدانی ململانێی و هاتنە ئارای گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگا باسکردوە. ڤێبەر لە ڕەهەندی خەباتی بێوچان بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات لەلایەن تاک و گروپەکانەوە، بەپێی تیۆرییەکی گشتی، کۆمەڵگای مەیدانی تێکهەڵچون و ڕکابەرایەتی و مشتومڕی گروپ و تاکەکانەو بنەمای ئەم ململانێیانە نایەکسانییە. (نەقیب زادە،2007: 27). ڤێبەر پێیوایە کاتی ململانێی سیاسی دێتە ئاراوە لە نێوان پارتە سیساسیەکان بۆ بەرژەوەندی سیاسی و ئابوری، کەدواجار بەهۆی ئەم ململانێیە گۆڕانکاری و ناسەقامگیری دروستدەبێت، لەم بارەیەوە ڤێبەر خستویەتییەرو لە ئەنجامی ئەم ململانێیە کێشەو گۆڕانکارییەکان لە سنوری یەک کۆمەڵگە نامێنێتەوە، بەڵکو زۆربەی کۆمەڵگا مۆدێرنەکان دەگرێتەوە، بۆ نمونە بەتێگەیشتنی ڤێبەر ململانێ لەنێوان کۆمەڵگە ئیتنیکیەکان و دەوڵەتەکاندا سەرچاوەی گۆرانکارین، بەدیدی ڤێبەر ململانێی نێوان پارتە سیاسییەکان کاریگەری دەبێت بەسەر گۆڕانی کۆمەڵگا، ئەو گۆڕانەش کەدێتە ئاراوە بەقۆناغی ناسەقامگیری کاریگەرییەکانی سەر ژیانی خەڵک و نائارامی و ئاسایشی خەڵک و سەقامگیری کۆمەڵایەتیشی لەپێش ئەم گۆڕانە کۆمەڵایەتییە دەهێنێتە ئاراوە. (شیراوەی،2021: 26). بەباوەڕی ڤێبەر دەوڵەتی مۆدێرنیش وەک هەر فەزایەکی تری سیستەمی کۆمەڵایەتی خاوەن ڕەوتێکی ئالوگۆڕ و گۆڕاوی سەربەخۆی تایبەت بەخۆیەتی، خەبات و ململانێی بۆ کۆنترۆڵی ئامرازەکانی دەستگرتن بەحکومەت و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەش گرنگییەکی تایبەتی خۆی هەیە، هەربۆیە مێژوی خەباتی دەسەڵاتدارانی سیاسی بۆ بەدەست بەسەرداگرتنی ئامرازەکانی ماددیی و سوپایی حکومەت دەزانێ، کە لەم سەردەمەدا لەدەست گروپە جیاجیاکاندا بڵاوبۆوە، هەروەها ڤێبەر دەوڵەتی وەک پاوان بەکارهێنانی ڕەوایی زۆر لە وڵاتیکی دیاریکراودا دەزانێت.(1930:33,weber). بەهۆی باشبونی بارودۆخی ڕۆشنبیری و ماتریالی و کۆمەڵایەتی و چینی کرێکارانەوە، هەروەها بڵاوبونەوەی شارستانیەت و پیشەسازی و گەشەکردنی گشتی لەکۆمەڵگە ئەوروپیەکاندا، ململانێی چینایەتی وەک ماکس ڤێبەر بروای پێیەتی، لەنێوان ئەندامانی یەک چیندا ڕودەدات، بەمەبەستی گەیشتن بەپێگە سەرکردایەتی و هەستیارەکان، وەک ئەو ململانێیەی لەنێوان کرێکاران، یاخود ئەفسەران یان بلێن پزیشکاندا هەیە، بۆ گەیشتن بەپێگە پیشەییە باڵاکان. ئەو ململانێیە لەنێوان چینە جیاوازەکاندا، وەک چینی کرێکار و ئەندازیار ڕونادات، چونکە

کرێکار ناتوانێت کێبرکێی لەگەڵ ئەندازیارێکدا بکات، بەهۆی ئەوەی ئەو جیاوازییە پیشەییە و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ماتریالییە گەورەییەی لەنێوانیاندا هەیە، بەڵام ئەو کرێکارە دەتوانێت لەگەڵ کرێکارانی دیکەدا کێبرکێی بکات بۆ گەیشتن بەپلەی سەرۆککار، بەهەمان شێوە سەبارەت بەتەواوی پیشەکانی تریش.(ئەلحەسەن،2018: 356).

## 2.(ڕالف دارندرۆڤ 1929_2009)

ڕالف دارندرۆف تیۆرڤانێکی ئەڵمانی هاوچەرخی ململانێیە، دارندرۆف کاریگەربوە بەبیرۆکەی مارکس، کە باوەڕی وایە ململانێی چینایەتی لەدەزگا پیشەسازییەکاندا هەیە، بەڵام پشتگیری ڕایەکانی مارکس ناکات کەدەڵێت:" ململانێی لە نێوان چینەکانە"، لەم بارەیەوە دارندرۆف پێوایە "کۆمەڵگە لە کۆمەڵێک گروپی تەبایی بەزاڵبون پێکهاتوە، کەململانێ هەیە لەنێوانیاندا، ئەم گروپانە لەسەر بەرژەوەندی بنەڕەتی وبارودۆخی کۆمەڵایەتی و ژینگەیی دەوەستێت، بەم شێوەیە کۆمەڵگە لەگۆڕان و جوڵەی بەردەوامدایە"، لێرەدا هۆکارێکی گرنگ دەردەکەوێت سەبارەت بەململانێی کۆمەڵایەتی ئەویش وابەستەیی یان ڕکابەرایەتی یان زۆرلێکردن، کە کۆمەڵگا بەکاریبێنێ بۆ پابەند کردنی ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان کە تاکەکان بونیادیانناوە بۆ جێبەجێکردنی بەرژەوەندی و ئامانجەکانیان، لێرەدا واتای ئەوەیە کە بەشێوەیەکی کرداری هەمو ڕێکخراوەکان بونی دەسەڵات و هێز هۆکارێکە بۆ دروستبونی مەرجی ململانێ. (زێباری، 2017: 76). هاوکات ئەوجۆرە ململانێیە بەپێی بۆچونی دارندرۆف هەرلەدامەزراوە پیشەسازییەکاندا نییە، بەڵکو لەو دامەزراوە کارگێڕییانەش بونیان هەیە، کەخاوەن مۆرکێکی حکومین، وەکو دامەزراوە سەربازییەکان و دامەزراوە تەندورستیەکان، بەدیدی دارندرۆف لەنێو دامەزراوە کارگێڕییە حکومییەکان لەنێوان نەوەکانی چینی تەکنوکراتییە کەدەرچوی زانکۆ و کادیری پراکتیکین کەپێگەی سەرکردایەتییان هەیە لە دامەزراوەکانی کارگێڕی حکومی لەگەڵ فەرمانبەرە بچوکەکان، ململانێ لەنێو دامەزراوە سەربازییەکان لە نێوان چینی تەکنۆکراتی و چینی جێگیری ئەفسەرەکانی هێزە چەکدارەکانە، هەرچی هۆکاری ململانێکانیشە دارندرۆف ئەوا بۆ فاکتەرە مادییانە ناگەڕێتەوە کە کارڵ مارکس جەختی لەسەر کردۆتەوە، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ ئەو فاکتەری باڵادەستی چینی تەکنوکراتی بەسەر هێز و دەسەڵاتی ئەو فەرمانگانەی کە کاری تێدا دەکەن، لەگەڵ ئەو فەرمانبەرە بچوکانەی کە هێز و دەسەڵاتی کۆمەڵایەتییان نییە، بۆیە لە دیدی دارندرۆف باڵادەستی چینێک بەسەر هێزو دەسەڵات وادەکات ئاگری ململانێی کۆمەڵایەتی لەنێوان هەردو چینی کۆمەڵایەتی هەڵبگیرسێت و سەقامگیری کۆمەڵگاش دەکەوێتە مەترسیەوە. (حەسەن، 2012: 174).

ڕاڵف داڕندۆف هێڵکارییەکی سۆسیۆلۆژی بەناوبانگی هەیە بەمشێوەیە خستویەتیەڕو.

1– ململانێی ڕۆڵەکان. 2– ململانێی گروپەکان. 3–ململانێی بەشەکان، 4–ململانێی کۆمەڵگاکان. 5– ململانێی سەروی کۆمەڵگەکان. ئەوەی جێگای بایەخبێت داڕندۆف هەر یەکێک لەم پێنج خاڵە بەسەر سێ بەشدا دابەش دەکات، یەکەم: ململانێی نێوان دوکایەی هاوتا، دوەم: ململانێی نێوان ناهاوتا، سێیەم: گشتێک بەرامبەر بەشێک، سەرجەمی ئەمانەش دەکرێت لەم نمونانەدا بەرجەستە بکرێن. بۆ نمونە ململانێی نێوان کاسۆلیک و پرۆستانتەکان، ململانێی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، ململانێی نێوان دو تیپی وەرزشی، ئەوانە فۆرم گەلێکی ململانێی دو کایەی هاوتان، بەڵام ململانێی دەوڵەتێکی بەهێز لەگەڵ دەوڵەتێکی بچوک یان لاواز ئەمە دەچێتە ناو ململانێی ناهاوتاوە، لە کۆتایی ململانێی نێوان دەوڵەتێک و دژ بەگروپێکی بچوکی ئەتنی یان ئاینزایەکی کەمینە دەکەونە ناو ململانێی گشت، لەگەڵ بەشێکدا. (فەتاح،2007: 3). هەرچەند ئەو هێڵکارییەی دارندرۆف زۆر گشتی و فرەلایەنە، بەڵام هەمو فۆرم و ڕەگەزەکانی ململانێ لەخۆناگرێت، زۆر لە فەیلەسوف و زانایانی سیاسی و کۆمەڵایەتی دیکە کە بەمیتۆدو تێزی دیکە کاریان کردوە و ڕەگەزی ململانێی بەشێوەیەکی تر سەیر دەکەن و خستویانەتەڕو.

داڕندرۆف ئەوەشی خستۆتەڕو، کە ڕێکەوتنی بەرژەوەندییەکان شتێکی سروشتی و بێدەرچون و جیهانگیرەو هیچ کۆمەڵگایەکی مرۆیی یان گروپێکی کۆمەڵایەتی نادۆزییەوە کە لەگەڵ ڕەوتی ململانێ و ڕێکەوتنی بەرژەوەندییەکان ڕێناکەن، بەڵام خاڵی گرنگ ئەوەیە ئەو ململانێیە بەناوەرۆکی سەرەکی کۆمەڵگاو زیانە بۆ هاوپەیوەندی و دابەش نەبونی کۆمەڵگە، کە لە ئاکامدا ناسەقامگیریی و لایەنی ناڕەسەنایەتی و سروشتی بەخۆیەوە دەگرێ. (نەقیب زادە، 2007: 27). ئەنجامی هەمو ئەوانەی دارندڕۆف باسی لێکردوە جەختی لەوە کردۆتەوە کە ململانێ دو ئەنجامی هەیە، یەکەمیان بەیەکەوە بەستنی نەخشەو پلانەکانە، دوهەمیان دانانی پلان و نەخشەی دروست کردنی گۆڕانە. (Purohit and mohan, 1976:371).

- **تیۆریی سەقامگیریی کۆمەڵایەتی:**

تیۆری بونیادی وەزیفی، ئەم تیۆرە گرنگی دەدات بە سەقامگیری کۆمەڵایەتی، هەروەها گرنگی دەدات بەتوێژینەوە لەبەشە جیاوازەکانی کۆمەڵگا، ئەو بەشانەی تاچەند کاریگەریان هەیە، ئەمەش دەبێتە دەرئەنجامی کاری کۆمەڵایەتی کەپشت دەبەستیت بەهاوکاری نێوان تاکەکانی و دابەشکردنی کارەکان لەنێوان خۆیاندا، هەروەها توێژینەوە لەیەکگرتویی بەشەکانی کۆمەڵگەو ڕێکخستنیان دەکات. (الحسن،2003: 161).

**1.دێڤید ئێمیڵ دۆرکایم**(1858-1917)

تێگەیشتنی دۆرکایم بۆ سەقامگیریی کۆمەڵایەتی، بەدیدی دۆرکایم کۆمەڵگا لە دۆخێکی ئارام و چەسپاودا توانای بەدیهێنانی خەون و ئامانجەکانیان هەیە لە ڕوی ژیانەوە، ئەویش لە دەرئەنجامی

بارودۆخێکی دروست و سەقامگیردا، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هاوسەنگی کۆمەڵایەتی نێوان هێزە سیاسییەکان لەو کۆمەڵگایەدا. (Firth,1966:11). پێوایە کۆمەڵگەی ئەقڵانی و پیشەسازی کە دامەزراوەی دیموکراسیان هەیە، سەقامگیریی تیایدا بەربڵاو دەبێت گەشەدەکات بەشێوەیەکی یەکگرتو پلەبەپلە لەناو کۆمەڵگە، هۆکارەکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بنەمای دابەشبونی کار، ئەو کۆمەڵگایانە بەرەو ڕەوتی سەرەکی دەبەن کە گەشەو سەقامگیریی کۆمەڵگە دروست دەکەن، بەرەو ئەوە دەڕوات کە بنەمای دابەشکردنی کار بەردەوامیی بەکۆمەڵگە دەدات، ڕێزی داهێنانی تاک دەگرێت، ئەم تایبەتمەندییانە ڕێگای دەرخستنی بونیادی نوێ دەدات بەدەسەڵات، کە بتوانی بەم کارانە کۆمەڵگا بگوازێتەوە بۆ بارودۆخێکی پێشکەوتوی زیاتر، لە دەرئەنجامدا سەقامگیریی زیاتر دەبێت لەو کۆمەڵگەیە و تیادا سەقامگیریی سیاسیی و کۆمەڵایەتی دەناسرێتەوە بە پێشکەوتنی سیاسیی و ئابوری لە دەرئەنجامی ئەم سەقامگیرییەدا. (مدکور،1975: 240). سەقامگیریی کۆمەڵایەتی بە دیدی دۆرکایم تێدا تاکەکانی کۆمەڵگە لەدۆخێکی ئارام و چەسپاو جێگیر توانایی بەدیهێنانی خەون و ئامانجەکانیان لە دەرئەنجامی بارودۆخێکی دروست و سەقامگیردا لە ڕوی ژیانەوە هەیە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هاوسەنگی کۆمەڵایەتی نێوان هێزە سیاسی و دەسەڵاتدارەکان و گروپە ئایینیەکان لەو کۆمەڵگەیەدا، هەربەم شێوەیە ڕۆڵە سیاسییەکانیش ساکارو سەمبولێکن، وەک سەرۆک خێڵ، یان لەئاستێکی بەربڵاوتردا پاشایەک بەتەشکیلاتێکی کەم و کورتەوە، بەڵام لەکۆمەڵگا نوێیەکاندا ڕۆڵەکان دیاریکراون و پەیوەندیی تاکەکان لەڕێگای دامەزراوە نێو بژیکەرەکان وەک یانە، سەندیکا و پارت پێکدێ، سیستەمی سیاسیش هەر بەم شێوەیە ئاڵۆزتر دەبن و پێکهاتەکان لەیەکتری جیادەکرێنەوە.(نەقیب زادە،2007: 99).

## 2.ڕۆبیرت میرتۆن(1910-1992):

مێرتۆن یەکێکە لە پێشەنگەکانی تیۆری پێکهاتەی ئیشە هاوچەرخەکان، ڕەنگە مێرتۆن لە ڕێگەی هەوڵەکانییەوە بەشداری کردوە لە پەرەپێدانی چەندین چەمکی لە بیناسازیی کاردا لە ڕێگەی پێشکەشکردنی کۆمەڵێک بەشداری تیۆری و میتۆدی ی زیاتر ڕونتر و لە پەیوەندی لەگەڵ واقیعی کۆمەڵایەتی چەمکە ئاڵۆز و دژوارەکانی پارسۆنز، کە زیاتر لارتر لە ئەبستراکت دا بون لە توانای پیادەکردن لە واقیعی کۆمەڵایەتیدا، ئەمەش وایکرد کە ببێت بە سەرنجدان لە ڕەخنەیەکی بەهێز. لە ڕایت میلز و گۆڵدنەر و زۆر لە زاناکان کە تا ئێستا نەژیاون بۆ زاراوە ئاڵۆزەکانی پارسۆنز.( زێباری، 2017: 63). میرتۆن لەبارەی سەقامگیریی کۆمەڵایەتی، بۆچونی خۆی هەبو، ئەویش لەڕوی بونیادی کۆمەڵایەتی کە بەبناغەی سەقامگیریی کۆمەڵایەتی دادەنرێت لەچۆنیەتی کاری ئەم بونیادانانەو هاوسەنگی و جێگیریی لەنێوان ڕێکخستنەکانیدا، مێرتۆن باسی لە دو جۆر بونیاد کردوە.

یەکەم: بونیادی کۆمەڵایەتی: مەبەست کۆمەڵە پەیوەندییەکی ڕێکخراوە، هەڵدەستێ بەبەستنەوەی ئەندامانی گروپەکان یان کۆمەڵگاکان بەیەکەوە.

دوەم: بونیادی کولتوری: مەبەستی کۆمەڵە بەهاو پێوەری ڕێکخراوە، دەستدەگرن بەسەر هەڵسوکەوتی تاک لەنێوان گروپ و کۆمەڵگەدا.

مێرتۆن پێوایە سەقامگیریی کۆمەڵایەتی بەدەستدەهێنرێت لە ڕێگای هەماهەنگی هەردو بونیادە کە لەنێوان کۆمەڵگەدا لەپێناو ڕێکخستنی چالاکی هەڵسوکەوت و هزرو کۆمەڵایەتی تاک، بەڵام ئەگەر هاتو جیابونەوەکی توند ڕویدا واتە پچڕانی نێوان پێوەر بەهاکانی کۆمەڵگە و توانای بونیادنانی کۆمەڵگە بەجۆرێک کە پەیوەست نابن بەپێوەر یاخود پابەندی داخوازییەکانبن بە هاوکاری وشکی و توندی لەمەرجەکانیدا و نەڕۆیشتن لەگەڵ پێشکەوتنی ژیان و کۆمەڵگەدا ڕوخانی بونیادی کولتوریی تاڕادەیەک لەوانەیە بگاتە ئاستێک کە بەهای کولتوری خۆی ببێتە هاندەرێک، بونیادی کۆمەڵایەتی پێچەوانە و دژی بونیادی کولتوری دەبێت.(الهیتی،2009: 55). بەڵام ئەو بارودۆخە دژ بەیەکە نامێنێتەوە بەو شێوەیە، بەڵکو دەبێتە هۆی دەرچون و لادانی کەسەکان لەپێوەرو بەهاکانی کۆمەڵگە کە دەبێتە هۆی تێکشکان و بونیادی کولتوری و کۆمەڵگە دەگەیەنێتە بارودۆخێک(ناپێوەری-ئەنۆمی)، واتا نەمانی بەهاو نارێکی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و دەبێتە سەرەتای داڕوخانی بونیادی سەقامگیریی کۆمەڵایەتی. (عبدڵسلام،1986: 44). مێرتۆن بایەخێکی زۆر بە هەبونی پەیوەندی  نێوان توخمی کولتوری و توخمی کۆمەڵایەتی داوە. بە بۆچونی ئەو، ڕۆڵ و ئەرکی سەرەکیی توخمی کولتوریی لە دیاریکردن و ناساندنی ئامانج و بەهاکان لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا و توخمی کۆمەڵایەتییش ڕۆڵێکی باڵا دەگێڕێت لە گەیشتن بە ئامانجەکان. مێرتۆن پێیوایە ئەگەر لە کۆمەڵگایەک ئەرکی ئەم دو توخمە پەیوەستبن بەیەکەوە ئەوا ڕێکخستن و شیرازەی کۆمەڵایەتیش بونی دەبێت، هەر کاتێکیش شیرازەی کۆمەڵایەتی بونی هەبێت، ئەوا ئاسایشی کۆمەڵایەتیش بونی دەبێت. (بودون، 2006: 661).

## چوارەم: سروشتی پارتە سیاسییەکان.

پارتە سیاسییەکان بۆ ئەوە دادەمەزرێن کە گوزارشت لە بەرژەوەندیی تایبەتیی دیاریکراو بکەن، بۆیە ئەو پارتانە لەگەڵ ئەوەی کە بانگەشە بۆ ئەوە دەکەن، بەڵام ناتوانن نوێنەرایەتیی بەرژەوەندیی گشتی یان ویستی گشتی بکەن، (جان جاک ڕۆسۆ) دەڵێ، لەبەر ئەوەی تەنیا گوزارشت لە ڕاو بەرژەوەندیی توێژێکی دیاریکراوی گەل، یان چینێکی دیاریکراو دەکەن، کەواتە پارتی سیاسی لەسەر بنەمای جیاکاری و بەرژەوەندی دادەمەزرێت.(نەجاڕ،2021: 225). بۆیە لەم باسەدا پاشخانی پارتە کوردستانییەکان و هۆکارەکانی ململانێی پارتی سیاسی دەخەینەڕو.

## 1.مێژوی پارتی سیاسی:

ئەگەر تەماشای ڕابردوی سیاسیی کۆمەڵگاکانی جیهانی بکەین بەگشتی، دەبینین پارتە سیاسییەکان بە چەندین شێواز یان پاڵنەری جیاجیا سەریان هەڵداوەو دامەزراون.

پارتە سیاسییەکان لە جیهاندا، لە ئەنجامی بیرکردنەوەیەکی خێرا و کتوپڕ دروست نەبوە، بەڵکو پەیوەندیی بەو پرۆسە درێژخایەنەی دیموکراسی هەبوە، کەچەندین سەدە بەردەوام بوە. (سدیق، 2015). مۆریس دۆفریجە (1954) پێوایە، هەروەک چۆن مرۆڤ کاریگەرە بە ژیانی منداڵی، پارتەکانیش کاریگەرن بەسروشتی دامەزراندنیان، بە کورتی پارتەکان لەسەر بنەمای کولتوری، بەرگری لە نەتەوە و ئاین لەدایک دەبن و خاوەن ئامانجی گەورەو بچوکن و ئەندامەکانیان و گوتارەکانیان لەسەر بنەمای ئەتنیکی بەگەڕ دەخەن، هاوکات پەروەردەی سیاسیشیان هەر بەو ئاڕاستە هەنگاو دەنێن.(حسێن،2011: 60). سەبارەت بە مێژوی پارەتە سیاسییەکان لە جیهادا سێ بۆچون هەیە، یەکەمیان پێیوایە: یەکەم حیزبی سیاسی لە سەردەمی شارستانییەتی یۆناندا بەدیاریکراوی لە شاری ئەسینا دەرکەوت و بە ئۆلیگارشی ناسراوە، کە ئەو پارتە بە یەکەم پارتی سیاسی ناسراوە لەمێژودا و لە ئەسینا و لە ویلایەتی یۆناندا سیستم و جڵەوی حوکمڕانی دەوڵەتی یۆنان و دەوڵەتی ڕۆمانیش چەندین لایەنی سیاسیان دەناسی، کە مافی خۆیان بۆ گرتنە دەست بەسەر سیستەمی حکومەتدا دەچەسپێنن. بۆ چونی دوەم پێیوایە: کە یەکەم پارتی سیاسیی لە سەردەمی مۆدێرنەدا لەگەڵ بیرۆکە حزبییەکەی و پێکهاتە حزبیەکەی، لە بەریتانیا و بە تایبەتی لە ساڵی 1687دا دەرکەوت و بە پارتی ڕاستی بریتانیا ناوزەد دەکرێت و یەکێکە لەو پارتە لیبراڵانەی کە داوای ئازادیی تەواوی هاووڵاتییان کرد و دژی پاشایەتی و بیرۆکەی تاجی بەریتانیا بو.

بۆ چونی سێیەم: مۆریس دوڤێرجییە پێیوابو، کە پەیدابونی پارتە هاوچەرخەکان بۆ ساڵی 1850 دەگەڕێتەوە کە پێشتر هیچ وڵاتێک لە جیهاندا (جگە لە ویلایەتە یەکگرتوەکان) پارتە سیاسییەکانی بە مانای مۆدێرنی وشەکە نەزانیبو، بەبۆچونی ئەو، دو بنچینەی حزب هەیە، کە بریتین لەڕەچەڵەک هەڵبژاردن و پەرلەمانی و ئەسڵی ناهەڵبژاردنی و ناپەرلەمانی، یان ئەسڵی دەرەکی. (الشرقاوی،2007: 204-205)

سەبارەت بە مێژوی سەرهەڵدانی پارتە سیاسییەکانی کوردستان، بەتایبەتی لە هەرێمی کوردستان کە ئەمڕۆ فۆرمێکی دەستوری وەک لە یاسای ژمارە (17) ساڵی 1993ی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان و لە دەستوری نوێی عێراق 2005، بە فەرمی چەسپاوە، چەندین پارتی سیاسی لە گۆڕەپانەکە هەن، هەندێکیان بۆ قۆناغی شۆڕش و پێش ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی 1991 دەگەڕێنەوەو و هەندێکیشیان دوای ڕاپەڕین دامەزراون، لەم باسەدا ئێمەش بەکورتی مێژوی بەشێک لەو پارتە سیاسیانە دەخەینەڕو، کە ڕۆڵ و کارگەرییان لەناو کۆمەڵگای کوردستانیدا هەیە. کۆمەڵەی کوردستان: یەکەم ڕێکخراوی سیاسی کورد لە

مانگی تەموزی ساڵی 1922 (کۆمەڵەی کوردستان) بو لە شاری سلێمانی دامەزرا، بە سەرۆکایەتی (مستەفا عەزیز پاشا یامولکی) لەشاری سلێمانی.(بەڵخەیی، هاوبیر،2021: 86).

## 2. پاشخانی ململانێی پارتە سیاسییەکان لە هەرێمی کوردستان.

لەدوای سەرهەڵدانی پارت لە کۆمەڵگەی کوردستانی وەک پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسیی نوێ، فۆرم و ناوەڕۆک و ماناکانی ململانێی لە کۆمەلگەی کوردیدا گۆڕانیان بەسەردادێت، ململانێی سەرەکی لە کۆمەڵگەی کوردستاندا، لەلایەک بریتی دەبێت لە ململانێی لەگەڵ دەسەڵاتی داگیرکەردا، لەلایەکی دیکەوە دەبێت بەململانێی نێوان هێزە سیاسییەکان لەگەڵ یەکتردا، کە تاکو ئەمڕۆش بەردەوامی هەیە. (حسن،2008: 81). ئەگەر بۆ مێژوی ململانێی هێزە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان لە کوردستانی عێراق بگەڕێینەوە، مێژوی بەشێک لە ململانێ و ڕوداوە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان لە ناوەڕاستی چلەکانی سەدەی ڕابردوبخەینەڕو، ئەوا دەبینین ململانێی سیاسی لە هەرێمی کوردستان شتێکی نوێ نییە و سەرەتای ململانێ سیاسییەکان بۆ ناوەڕاستی چلەکانی سەدەی ڕابردو دەگەڕێتەوە..(Mustafa,2016) ئەویش کاتێ مستەفا بارزانی نەمر داوای دامەزراندنی (حزبی دیموکراتی کوردستانی) تایبەت بەعێراق کرد، لەسەر داوای بارزانی، هەمزە عەبدوڵڵا گەڕایەوە کوردستانی عێراق و دەسەڵاتی تەواوی پێدرابو بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ ژمارەیەک کەسایەتیی نیشتمانپەروەر و سەرکردەکانی حزبی شۆڕش و ڕزگاری و لقی دیموکرات لە سلێمانی، لەم گفتوگۆیانەدا بیرۆکەی دامەزراندنی (پارتی) لەگەڵیان کەوتە گفتوگۆکردن و لەو گفتوگۆیانەدا هەمزە عەبدوڵڵا توانی ئەو پەیامەی بارزانی پێیدابو سەرکەوتوبێت. (ڕەسوڵ،2001: 56). لەسەرەتادا ئیبراهیم ئەحمەد کە بەرپرسی لقی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بو، ڕازی نەبو بەهەڵوەشانەوە و چونە ڕیزی پارتی دیموکراتی کورد، بەڵام دوای ڕەزامەندیی قازی محەمەد، لقی سلێمانی هەڵوەشایەوە، لێرەدا ململانێی ئیبراهیم ئەحمەد لەگەڵ مستەفا بارزانی لەگەڵ دروستبونی ئەو پارتە دەستپێدەکات، ئیبراهیم ئەحمەد باوەڕی وابو کە نابێ ئەو خەباتگێڕە کوردانەی کە بەشێوەی جیاواز لەناوچە جیاوازەکانی کوردستان خەبات دەکەن، دابەش بکرێنە سەر کۆمەڵێک لقی ئەم پارتە، کە ئەو کات لقی حزبی دیموکراتی ئێران لە سلێمانی لەگەشەکردن دابوە، دەڵێ چونکە کاری ئاوا (کۆماری مەهاباد لاواز دەکات)، لەم نێوەندەدا ئیبراهیم ئەحمەد دەیەوێت لە یەکەم کۆنگرەدا بەشداری بکات، بەڵام ڕێی پێنادەن بچێتە کۆبونەوەکانی کۆنگرە، چونکە نەیویستبو پەیوەندی بەو حزبە تازەوە بکات، ئیبراهیم ئەحمەد لە ئاداری ساڵی 1947 پاش ڕوخانی کۆماری مەهاباد پەیوەندی بەپارتی دیموکراتی کورد کرد.(کۆچێرا، 2011: 253). ململانێ سیاسییەکەی نێوان باڵی مەکتەبی سیاسی و مەلا مستەفا بارزانی دەستیپێکرد و فراوان بو. دوای ئاگربەستی 10ی شوباتی 1964 لەنێوان سەرکردایەتیی شۆڕش و حکومەتی عێراق، ناکۆکی و ئاڵۆزییەکانی نێوان باڵی مەکتەبی سیاسی پارتی و سەرکردایەتی

بارزانی لە ئارادابو لێکترازانی زیاتر دروست بون، یەکێتی ڕیزەکانی کورد و دەستکەوتەکانی شۆڕشی ئەیلول و سەقامگیری کۆمەڵایەتی و سیاسی ئەو قۆناغە ڕوبەڕوی مەترسیی گەورەو ئەگەری لە دەستدانی بۆوە، ئەو کاتە ئیبراهیم ئەحمەد سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی و جەلال تاڵەبانی و عومەر مستەفا و علی عەسکەری ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتیی پارتی، ڕەخنەی ئەوەیان لە مستەفا بارزانی گرت، کە گوایە بەبێ گەڕانەوە بۆ مەکتەبی سیاسیی بڕیاری ئاشتیی لەگەڵ حکومەتی عێراق داوە، وەک کاردانەوەیەک بۆ ئەم بڕیارەی ڕێبەری شۆڕش، بەئامادەبونی ئیبراهیم ئەحمەد سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی لە چواری نیسانی 1964 لە شارۆچکەی ماوەت کۆنفراسێکیان بەست، کە پێنج ڕۆژی خایاند، کۆنفراسەکەش بڕیاری لەکارخستن و ڕاگرتنی سەرۆکایەتی (مستەفا بارزانی)دا لە پارتی دیموکراتی کوردستان.(بارزانی،2012: 173). فەرەنسۆ هەریری کەسایەتییەکی نزیک لە بارزانی، لە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ ڕۆژنامەی خەبات گوتوییەتی: مەلا مستەفا بارزانی لەگەڵ ڕای بە کۆمەڵ و زۆرینەدابو، باوەڕی بەسەرکردایەتی بەکۆمەڵ هەبو، باوەری بە ئازادی ڕادەربڕین هەبو، بارزانی کاتێک لەگەڵ مەکتەبی سیاسی کۆبونەوەیان هەبوایە، ئەگەر لەگەڵ ڕایەکدا کۆک نەبا دەیگوت (من ڕایەکی خۆم هەیە، بەڵام لەگەڵ ڕای زۆرینەم).(باتێلی،2011: 180). کەسایەتیی سیاسی عزیز محمەدیش لەو بارەیەوە گوتویەتی: ئەو بڕیارەی مەکتەبی سیاسی بەرامبەر بە بارزانی کردویانە زۆر هەڵە بو، چونکە بارزانی لە کۆنگرەی پێنجی پارتی بەسەرۆکی پارتی هەڵبژێردرابو، خۆ ئەندامێکی ئاسایی نەبو، (مام خول،2012: 127). بارزانی لە بەرامبەر ئەو بڕیارەی باڵی مەکتەبی سیاسی لە دژی ئەنجامیان دا کاردانەوەی هەبو، چەند گۆڕانکارییەکی ئەنجام دا، پاشان داوای کۆنگرەی کرد، لە 7ی تەموزی 1964 لە قەڵادزە بەبەشداری 450 ئەندام کۆنگرە بەڕێوەچو، کۆنگرە لایەنگری بۆ ڕێبازی بارزانی و سیاسەتەکانی ڕاگەیاندو بڕیاری دەرکردنی (14) ئەندامی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی دەرکرد، کە لە سەروی هەمویان ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی بون، بە هێزێکی پێشمەرگەش بۆ ئەو دیوی سنور دەرپەڕاندن و لە هەمەدان نیشتەجێبونMustafa, 2016 )). ئەو ململانێیە لە نێوان باڵەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان ئاراستەیەکی ترسناکی وەرگرت و لەلایەن حکومەتەکانی بەغدا بۆ لاوازکردنی بزوتنەوەی کورد سودی لێوەرگیرا، ئەمەش کاتێک باڵی مەکتەبی سیاسی لە ساڵی 1966 بە هەمو هێز و  توانایانەوە لە سەردەمی هەر یەک لە عەبدولسەلام عارف و عەبدولڕەحمان عارف و ئەحمەد حەسەن بەکر بۆ دژایەتی کردنی باڵی بارزانی چونە تەک حکومەتەوە.(فاتیح،2022: 360). لەدوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول لەساڵی 1975 دوبارە ململانێی سیاسی و بەیەکدادانەکان چ لەبەرامبەر هێزی داگیرکەرو چ لە ناوەخۆی پارتە کوردستانییەکان شێوازێکی دیکەی ململانێ و ناسەقامگیریی سیاسی و کۆمەڵایەتی سەری هەڵدایەوە. ئەوەبو مسعود بارزانی بناغەی دوبارە زیندوکردنەوەی ئۆرگانەکانی پارتی

لەژێر سەرکردایەتیەکی کاتی (قیادە موقتە) لە ناوەڕاستی مانگی نیسانی ساڵی 1975 دارشت، تێدا کۆبونەوەیەکی سەرکردایەتی کاتی ڕێکخست، ئەوەبو شۆڕشی گوڵان سەری هەڵدا.(گەوهەری،2020: 35) لەگەڵ دامەزراندنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانیش، لەلایەن جەلال تاڵەبانییەوە، بوە هۆی ململانێی توند و پێکدادانی چەکداری لە نێوان پارتی و یەکێتی لە ساڵی 1978 ململانێی سیاسی، جارجاریش ئاشتی سارد لە نێوان هێزە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان تا پێکهێنانی بەرەی کوردستانی لەلایەن هێزە سیاسییەکانی کوردستان، وەک پارتی، یەکێتی، حزبی سوسیالیستی کوردستان، پاسۆک، حزبی شوعیی عێراق و پارتی گەل لە ساڵی 1987 بەردەوام بو .(نێروەیی،2008: 536). لەساڵی 1982 یەکێتی کەوتە ململانێ و شەڕ لەگەڵ حزبی شیوعی و حسک و پاسۆک، لەم شەڕەدا حزبی شیوعی گەورەترین زیانی بەرکەوت. (محمەدئەمین،2015: 550). لە 28 تشرینی دوەمی 1980 بەرەی نیشتمانی عێراقی (بەرەی جود) لە نێوان پارتی و حزبی شیوعی و حزبی سوسیالیست و پیکهات، لە ساڵی 1984 چوار پارتی دیکە هاتنە ناو ئەو بەرەیە، یەکێتی ململانێیەکی توندی لەگەڵ بەرەی جود دروست کرد، لە ئەنجام شەڕی لێکەوتەوە، لەساڵی 1986 یەکێتی و پارتی لە تاران ئاشتبونەوە و کۆتایی بە شەڕی یەکێتی و بەرەی جوت هات، هەر لەدوای شەڕی بەرەی جوت، یەکێتی کەوتەوە ململانێ و شەڕێکی قورس لەگەڵ بزوتنەوەی ئیسلامی، دیسان بەنێو بژیوانی ئێران، ڕێکەوتنی تەهرانیان لە ڕۆژی 1987/12/3 واژۆکرد. ( .(Mustafa, 2016داگیرکردنی کوێت لەلایەن حکومەتی عێراق و دابینکردنی ناوچەی ئارام بۆ کوردانی هەرێمی کوردستان لە 1991 لەلایەن ئەمەریکاو بەریتانیاو فەڕەنساوە دەرفەتێکی کەموێنەی بە کورد لە کوردستانی عێراق بەخشی. بۆ ئەوەی لەلایەکەوە خۆیان خۆیان بەڕێوەببەن، کە لە دوای جەنگی جیهانی دوەمەوە لە پێناوی بەدەستهێنانیدا خەباتیان دەکرد، لەلایەکی ترەوە بۆ ئەوەی ململانێکانیان بخەنەلاوە و هەمو تواناکانیان بەکردەیی یەکخەن. کەواتە ڕاپەڕین ئەو دەرفەتەبو بەیەکگرتوی پارتە سیاسییەکان و جەماوەر هاتە کایەوە، بۆ یەکەم جار سیاسەت و دەسەڵاتی کوردی دەچێتە خانەی ئەزمونەوە، هەمو ئەو خەون و خولیاو مەینەتیانەی کە گەلی کوردستان بەدرێژایی مێژو هەڵیگرتبو، دوای ڕاپەڕین لەسەر ئەرزی واقیع پیادەبکرێن، وەکو ئاشتی و ئارامی، دیموکراسی، سەقامگیری کۆمەڵایەتی، دادپەروەری، نەهێشتنی ململانێ و توندوتیژی و چەوساندنەوە.(حسن،2008: 83). لە دوای کشانەوەی هێزەکانی عێراق لە بەشێکی زۆر لە ناوچەکانی کوردستان لە ئۆکتۆبەری 1991 بۆشایی ئیداری و سیاسی و سەربازی لە هەرێمی کوردستان دروستبو. بەمەبەستی ڕێگریکردن لە کێبڕکێ و دواتر ململانێی لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشایە ئیداریی و سیاسی و سەربازییەی کە لەدوای کشانەوەی حکومەتی عێراق لە هەرێمی کوردستان دروست ئەبێت، سەرکردە سیاسییەکانی بەرەی کوردستانی چەند کۆبونەوەیەکیان ئەنجامداو لە کۆتاییدا، لە

ئابی 1991 بڕیاریاندا هەڵبژاردن بکرێت و ئەنجومەنێک هەڵبژێردرێت بەمەبەستی دیاریکردنی ئایندەی سیاسی هەرێمی کوردستان و بەڕێوەبردنی سەرجەم دەزگاکانی هەرێمی کوردستان و دواتریش هەڵبژاردنی سەرۆکێک بۆ هەرێمەکە.(حسن،2008: 91). بەرەی کوردستانی لە 19 ئایاری 1992، بۆ یەکەمجار هەڵبژاردنی لە هەرێمی کوردستان ئەنجامدا .(1996:226,Gunter) کە ئەوکاتە چەندین گەمارۆی ئابوری و سیاسی و مرۆیی و سیاسەتی برسیکردن لەسەر خەڵکی کوردستان هەبو. (حسۆ،2008: 70) لە19ی مایسی 1992 کە زۆربەی حزبە سیاسییەکانی ئەو کاتە بەشدارییان تێدا کرد، کە نزیکەی یەک ملیۆن دەنگدەری کوردستان بەشداری هەڵبژاردنەکەیان کرد، ئەم هەڵبژاردنە سەرەتایەکی دیموکراسی بو بۆ خەڵکی کوردستان و پارتە سیاسییەکان، هەروەها پرۆسەکە بەهەڵبژاردنێکی سەرکەوتو لە قەلەمدرا. (عبدالله،2002: 121). دەنگەکانی یەکێتی نشتیمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەڵبژاردنەکەدا تاڕادەیەک نزیک بون. (پارتی 51% و یەکێتی 49%) بو، بۆیە ئەنجامی هەڵبژاردنەکە ململانێ و نائارامی سەقامگیریی کۆمەڵایەتیی زۆری لێکەوتەوە، کەوتنە کۆکردنەوەی هێزو جموجۆڵی سەربازی دژ بەیەک بەجۆریک ئەگەری هەڵگیرسانی شەڕی براکوژی لە ئارادابو، بەڵام دوای هەوڵێکی زۆری پارتە سیاسییەکان و چەندین دانوستانی نێوان پارتی و یەکێتی، لە ئەنجامدا لەگەڵ ئەوەی پارتی زۆرینەی دەنگەکانی بەدەست هێنابو، لەپێناو بەرژەوەندی باڵاکانی نەتەوەیی و نیشتمانی و پاراستنی دەستکەوتەکانی ڕاپەڕین، پارتی بەرێککەوتن بە پەنجا بە پەنجای کورسیەکانی پەرلەمان ڕازیبو، بەهاوبەشی بەشێوەی پەنجا- پەنجا (50 -50) لە حوزەیرانی 1992 بۆ یەکەم جار لە مێژوی کوردستان، پەرلەمانی کوردستان هاتە کایەوە، دواتر لە تەموزی هەمان ساڵدا حکومەتی هەرێمی کوردستانیش پێکهات. دواتر پەرلەمان لە ئۆکتۆبەری 1992، لە جیاتی ئۆتۆنۆمی، فیدراڵیزمی بۆ هەرێمی کوردستان ڕاگەیاند، نە حکومەتی عێراق و نە هێچ دەوڵەتێکی تری هەرێمی، بەفەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستانی نەناساند.( Oettershagen, 2015). و بەپێچەوانەوە ڕاگەیاندنی فیدرالێزم لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە بوە هۆی نیگەرانی ئەنقەرە و بەغداو تاران، چونکە ئەم وڵاتانە لەوە دەترسان کە فیدراڵیزمی هەرێمی کوردستان هەستی نەتەوەیی و "جوداخوازی" لەلای کوردانی ئەو وڵاتانەش ببزوێنێت.(حسن،2008: 83).

## 3.هۆکارەکانی ململانێی پارتە سیاسییەکان.

لێرەدا هەوڵدەدەین گرنگترین هۆکارەکانی ململانێی پارتە سیاسییەکان بەم شێوەیە دەستنیشان بکەین کە بریتین لە:

### 1.هۆکاری ناوچەگەریتی:

پارتی سیاسی وەک هەمو کۆبونەوە کۆمەڵایەتیەکانی تر لە تاکەکانی ناو کۆمەڵگە پێکهاتوە، بۆیە ماملانێی سیاسی و لێکهەڵوەشانی کۆمەڵایەتی و سیاسی بەهۆی ناوچەگەریەوە بڵاوترە، تا هۆکارەکانی تر، ململانێی ناوچەگەری و خەسڵەتی ناوچەیی بون بە ڕونی بە سیما و هەڵسوکەوتی سیاسیی پارتەکانی هەرێمەوە دیارە و بەرێژە و شێوازی جیاواز جیاواز کاری کردوەتە سەر ناوچەیی بونی پارتە سیاسییەکان. لێرەدا پێویستمان بەوە هەبو کە دیراسەی هەمو پارتە سیاسییەکانی هەرێم بکەین، بەڵام بۆ ئەم توێژینەوەیە بەشێوەیەکی کورت و پوخت سەرنج دەخەینە سەر چەند پارتێکی سیاسی کەلە ئێستادا لە چالاکیدان و کاریگەری گەورەیان لەسەر دۆخی سیاسی و سەقامگیریی کۆمەڵایەتی هەیە.(شیرۆکی،2019: 58).

پارتی دیموکراتی کوردستان: لەسەرەتای دروستبونیەوە وەک پارتێکی سەرو ناوچەیی نەتەوەیی دروستبو، کە ئەندام و دامەزرێنەرانی پێکهاتبون لە خەڵکانی نەتەوەیی و ڕۆشنبیران و کەسانی عەشایەری، سەرکردایەتی پارتی بەجۆرێک لە هاوپەیمانی عەشایەری پێکهاتبو بۆ ئەوەی کاریگەری بەسەر تیرە و عەشیرەتە کوردەکانی ناوچە جیاوازەکانەوە هەبێ. مستەفا بارزانی وەک نوێنەری ناوچەی بادینان، شێخ لەتیف شێخ محمود وەک نوێنەری بنەماڵەی شێخ مەحمودی حەفید و ناوچەی سلێمانی، کاکە زیاد غفوری وەک نوێنەری ناوچەی کۆیە و دەوروبەری. (الخرسان،2001: 53).

لە دامەزراندنی پارتییەوە مستەفا بارزانی بو بە سەرۆکی حزبەکە و دو کەسەکەیتر بونە جێگرانی، ئەمەش کاریگەرییەکی باشی هەبو لەسەر ڕاکێشانی ویست و خواستی خەڵکانی سەرجەم ناوچە جیاوازەکانی کوردستان بۆ قایلبون بە ئامانج و ڕێبازی پارتی و کارکردن لەپێناو سەرخستنیدا، بەڵام لەگەڵ بەردەوامیی خەبات و برەوسەندنی شۆڕشدا ململانێی نێوان سەرۆکی حزبەکە و مەکتەب سیاسی پەرەی سەند، باڵی مەکتەب سیاسی بە ڕابەرایەتیی ئیبراهیم ئەحمەد و باڵی سەرۆکی حزب بە ڕابەرایەتیی خودی مستەفا بارزانی کەوتنە ململانێیەکی قوڵەوە، هەرچەندە چەندین هۆکاری فکری و تەکنیکی و دەرەکی لە پشت ئەم ململانێیەوە بون وەک دەستێوەردان و پشتگیریکردنی ئێران بۆ باڵی مەکتەب سیاسی.(شریف، 2007: 45)

لە دوای ڕاپەڕینیشەوە گەورەترین هۆکار کە بوە هۆی تۆخکردنەوەی ناوچەگەریتی لەناو پارتیدا ئەنجامەکانی شەڕی ناوخۆ بو، کە بوە هۆی دابەشبونی کوردستان بەسەر یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستاندا و دەرکردنی لایەنگرانی پارتی لەلایەن یەکێتییەوە، وە لەو کاتەوە تا ئێستەش بەهۆی ئەو ململانێیە پارتی نەیتوانیوە نوێنەرێکی باشی خواستەکانی ناوچەی سلێمانی بێت و زیاتر وەک حزبێکی ناوچەکانی بادینی و هەولێری خۆی نمایش دەکات و ئەمەش بەڕونی بە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانەوە دیارە..(ئاوێنە،2011).

یەکێتی نشتیمانیی کوردستان: یەکێتی لەڕێککەوتی (1\6\1975) یەکەم بەیاننامەی دامەزراندنی خۆی ڕاگەیاند، زۆرێک لە ئەندام و کادیرانی ئەم پارتە لە لایەنگرانی باڵی برایم ئەحمەد پێکهاتبون، کە لە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان هاتبونە دەرەوە، بە چەندین هۆکاری وەک جیاوازیی فکری و بەڕێوەبردن، ئەوەی ڕونە ئەوەیە کە باڵی برایم ئەحمەد نوێنەرایەتی ئاراستەیەکی فکری چەپڕەوی دەکرد، کە ئەم فکرەش زیاتر لە ناوچەی سلێمانی گەشەی کردبو، لەسەرەتای دروستبونییەوە، یەکێتی نشتیمانیی کوردستان هەوڵی داوە پارتێکی سەرتاسەری باشوری کوردستان بێت، چونکە چەندین سەرکردەی خەڵکی دهۆک و ناوچەی شنگال، لەناو ڕیزەکانیدا کۆکردبۆوە، ئەمە جگە لە هەزاران ئەندام و کادر و پێشمەرگەی خەڵکی ناوچەی بادینان، بەڵام لەگەڵ بەردەوامیی خەبات و پێشهات، چەندین قۆناغی جیاوازی کاری سیاسیی جیاواز و سەخت چەندین هۆکار، وایان لە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان کردوە کە وەک پارتێکی ناوچەیی دەربکەوێت.(عبدالرحمان، 2002: 58). لە ئێستادا یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، چەندین ئاراستە و باڵی جیاواز لەناو خودی پارتەکەدا دەردەکەوێ، لەم دۆخەشدا ململانێی ناوچەگەری بە ڕونی باڵی بەسەر پارتەکەدا کێشاوەو لە ئاستی باڵای پارتەکەدا، هیچ بەرپرسێکی بادینی نابینرێت و تەنانەت بەرپرسانی ئۆرگانەکانی پارتەکە لەو ناوچەیە بە کەسانی سۆرانی پڕدەکرێنەوە ئەمەش بوەتە هۆکارێکی کاریگەر لەسەر گەشەنەکردنی یەکێتی لەو ناوچەیە.

بزوتنەوەی گۆڕان: بزوتنەوەی گۆڕان وەک قەوارەیەکی سیاسی مێژوەکەی بۆ 2009/4/11 دەگەڕێتەوە. بزوتنەوەی گۆڕان هەر لەسەرەتای دروستبونییەوە وەک پارتێک دەرکەوت کە نوێنەرایەتیی ناوچەی سلێمانی دەکات، بەو پێیەی کەسی یەکەمی بزوتنەوەکە و زۆرێک لە کەسە بەرپرسەکانی ناو بزوتنەوەکە خەڵکی ناوچەی سلێمانیین. هەرچەندە لەناو ئەم بزوتنەوەیەدا چەندین بەرپرسی دەسڕۆشتو هەن، کە خەڵکی ناوچەکانی هەولێر و گەرمیان و کەرکوکن، بەڵام زۆرێک لەمانە تەنها ڕۆڵێکی لاوەکییان پێدراوە و لەگەڵ بەردەوامی کاری سیاسیی بزوتنەوەکەدا دەست لە کارکێشانەوەیان یەک لەدوای یەک دەرکەوت، کە ئەندامی پەرلەمان بون لە نیوەی خولەکەدا دەست لەکارکێشانەوەی لە بزوتنەوەی گۆڕانی ڕاگەیاند. هەروەها کەسی سیاسیی زۆر دیاری بزوتنەوەکە بون و خەڵکی ناوچەی هەولێر بون و دەستیان لە کارکێشایەوە، هۆکاری دەست لەکارکێشانەوەیان بۆ هۆی ناوچەگەری لە ناو بزوتنەوەی گۆڕاندا گەڕاندەوە. (عیزەت میگە،2017). لەسەرەتای دروستبونیەوە گۆڕان خۆی وەک جێگرەوەی یەکێتی نشتیمانی کوردستان لە ناوچەی سەوزدا پیشان دەدا، چونکە لە هەرێمی کوردستان لە غیابی ئایدۆلۆژیایەکی ڕاستەقینەدا ناوچەگەرێتی بوەتە جێگرەوەی ئایدۆلۆژیا و لە ئێستادا تاکە کەرەستە کە بزوتنەوەی گۆڕان بتوانێ ململانێی پێبکات ناوچەگەرێتییە.

### 2.هۆکاری باڵا دەستی دەسەڵات:

ململانێ خۆی دەرهاویشتەی دید و ڕوئیا جیاوازەکانە، لەسەر شێوازی دەسەڵات و فەرمانڕەوایی و بەدەستهێنانی دەستکەوتەکان و بڕ و شێوازی بەدیهێنانی ئامانجەکان و پاراستنی بەرژەوەندییە گشتی و نیشتمانی و تایبەتییەکانە، کە لە نەسازان و نەگونجانی نێوان دو لایەنی دو کییان یان دوبەشی یەک کیان یان زیاتر دروست دەبێت .

هەمیشە ململانێ و ناکۆکییە سەرەکییەکانی ناو پرۆسە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و کەلتورییەکان، ئەگەر بەپێی پێداویستەکانی دۆخی گۆڕان و گەشەکردن بە ڕێچکەی ئاسایی خۆیدا بڕوات پرۆسەیەکی پێویست و ئاساییە. ململانێ بە مانای ڕەتکردنەوەی گشت نییە بەڵکو کۆکنەبون لەسەر بەشێک یان چەند بەشێک لە بابەتێکی هاوبەشی نێوان دو یان زیاتر لە لایەنی مەزهەبی، نەتەوەیی، نیشتمانی یان هەر پێکهاتەیەکی سەرەکی لە سەرخان و ژێرخانی کۆمەڵگایە. لە ململانێی ئاساییدا سەرکردە سەرکەوتوەکان بۆ چارەسەری هەر ناکۆکی و ئاڵۆزییەک چەندین ئاڵتەرناتیڤی کۆک و گونجاویان هەیە و هەمیشە لەبەرامبەر سەپاندنی دیفاکتۆی لایەنی بەرامبەردا، پڕۆژە و پلانی گونجاو و دیراسەکراو پیادە دەکەن و ئامانجەکانیش لە ئاڵتەرناتیڤی گونجاودا بەپێی شێوازی لۆژیکی و زانستی پلانەکان و ڕێژەی سەرکەوتن، هەم دەردەکەون هەم کاریگەری و کارلێکی پلانەکان و هەوڵەکان لەگەڵ یەکتری ئاستی گەشەی پرۆسەکەش دەردەخەن، ململانێی تەندروستدا خوێندنەوەی ورد بۆ هەمو پێشهات و شیمانە و ئەگەرەکان و خواستی کۆمەڵگا و پێویستەکانی گەشەکردن دەکرێت .(مەکفێرسۆن،2005: 5) ململانێی سیاسیش دەرهاوێشتەی جیاوازیی دیدەکانە لەسەر شێوازی دەسەڵات و فەرمانڕەوایی و بڕی کار و شێوازی بەدیهێنانی ئامانجەکان و پاراستنی بەرژەوەندییەکان و بەدەستهێنانی دەستکەوتەکان، زۆرجاریش بۆ خەسخەسەی دەسەڵات و دەستکەوتەکانە. (الخزرجی،2004: 33). هەمو دەستەو قەوارەیەکی سیاسی مافی ئاسایی و یاسایی خۆیەتی بە مەبەستی نوێبونەوە و گەشەی قەوارەکە و بەدیهێنانی هەرچی زیاتری ئامانجەکان و پاراستنی بەرژەوەندیە گشتیەکان، کار بە ناکۆکییە سەرەکیەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی بکات و ململانێیەکی سیاسی تەندروست پیادەبکات، هەم لەگەڵ خودی خۆی هەم لەگەڵ ژینگەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگی ئەو جوگرافیا سیاسیەی بۆتە چەقی بون و کار و گەشەی(الحسن،1984: 123).

سەرهەڵدانی کێبڕکێ و ململانێی سیاسی زیاتر ئەو کاتانە پەیدا دەبێت، کاتێک کەسانێک وا دەبینن لەگەڵ بەشێک لە دەسەڵاتدار و فەرمانڕەوایانی قەوارە سیاسیەکەیان تێڕوانین و دیدی جیاوازیان هەیە لەمەڕ شێوازی ئیدارەی کاری سیاسی و بڕ و ئاست و شێوازی بەدیهێنانی دەستکەوتەکان و چەند و چۆنیی پاراستنی بەرژەوەندییە گشتیەکان و میکانیزمی خەرجکردنی دارایی(کورکوف،2014: 80)

لە ململانێی سیاسیدا بەهاکان ڕۆڵی کاریگەریان لەسەر شێوازی پیادەکردنی ململانێ و کێبڕکێ سیاسییەکەدا هەیە، هەمو ئەو ململانێ و کێبڕکێ سیاسیانەی بە ئاراستەی پاراستنی بەرژەوەندیی گشتی و قاییمکردنی ڕوکنەکانی هەر قەوارەیەکی سیاسی لەگەڵ قەوارە سیاسییەکانی بەرامبەر و تەنانەت لە ناوخۆی قەوارە کەش دەکرێت هەم یاسایی هەم ئاسایی هەم پێویستییەکی گرنگی پێشکەوتن و گەشەی کۆمەڵاتیشن، بەڵام ئەگەر ململانێ و کێبڕکێ سیاسییەکەی کەسەکان یان ڕەوت و گروپەکان سەریکرد بۆ بەدیهێنانی دەستکەوتی تایبەت و پاراستنی بەرژەوەندی شەخسی لەسەر حسابی بەرژەوەندی گشتی، بە ویستی خۆی ڕەفتاری کرد بێ گوێدانە خواستی جەماوەر، بێشک وەڵامی خەڵک بۆ ئەو ڕەفتارانە هەرگیز وەڵامێکی پۆزەتیڤ و کۆک نابێت .(ڕەسوڵ،2007: 8).

یان ئەگەر ململانێ گەییشتە خۆسەپاندنی لایەک و سڕینەی بەرامبەر ئەوا دەبێتە پرۆسەیەکی شەڕانگێزی و هەمو بەهاکانی مافی مرۆڤ و مافی تاکەکان و تەنانەت مافی هاوولاتیبونیش پێشێل دەکرێت و دەبێتە لەدەستدانی مۆڕاڵی سیاسی و سەقامگیریی کۆمەڵایەتی، هەمو جۆر و شێوازێکی میکیاڤیللی بەکاردێنن بۆ بەدیهێنانی مەرامە شەخسیەکانیان لەسەر حسابی بەرژەوەندیی گشتی.(سڵطان،2010: 23). بەردەوامبونی عەقلییەتی خۆسەپاندن و لەبەرچاونەگرتنی بەرژەوەندی باڵای نیشتیمانی، بەهۆی ململانێکانەوە لە هەرێمی کوردستان وەک هەر پارتێکی ڕۆژهەڵاتی کەوتنە ئەوەی لە دژی یەکتر کۆنترۆڵی تێکڕای دامەزراوە و دەسەڵاتەکانی حکومەت بکەن، سەرچاوەو داهات و و سەروەت و سامانی وڵاتەکە بەتەواوی قۆرغ بکەن، دامەزراندن تەنها لەبەرژەوەندی ئەندامانی خۆیان ئەنجام بدەن، واتا ئەو پارتانە گەیشتونەتە ئەو بروایەی بەم ڕێگایانەوە دەتوانن درێژە بە ژیانی سیاسی خۆیان بدەن، نەک لەڕێگای بەرنامەی سیاسی و ئایدۆلۆژیای خۆیانەوە بتوانن متمانەی کۆمەڵگا بەدەستبهێنن، بەم جۆرە تێگەیشتنەیان بۆ درێژەدان بە دەسەڵات ناچاربون پەنا ببەنە بەر هەر شێوازێک لە سەرکوتکردن و بە هەڵگیرسانی شەڕی برا کوژیشەوە. (سابیر،2011: 51). پارتەکان هەمو شێوازێکیان لە ململانێ و توندوتیژی و خۆپیشاندان ئەنجام دا، هەمو ئەو ئاکارانە ڕەوشی ژیان و سەقامگیریی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەیان خستۆتە مەترسیەوە، لە پێناو ملشکاندنی یەکتر و کۆنترۆڵکردنی دەسەڵاتی سیاسی.

### 3.لاوازی هۆشیاریی دیموکراسیی.

لەگەڵ ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لە هزرڤانان ڕەخنەیان لە سیستەمی دیموکراسی گرتوە، بەڵام سەرەرای ئەو ڕەخنانەش، بەڕای زۆربەی کۆمەڵناسانی سیاسی، تاکە سیستەمی سیاسییە کە هەڵگری جۆرێکی گونجاوە لە شەرعییەت.0(بدرالدین،1986: 211). ژیان لە نێو هەر کۆمەڵگەیەکدا پڕە لە جیاوازی و ململانێی بیرو بەرژەوەندییەکان، ململانێکان، هەندێکیان دیارن و هەندێکیان شاراوەن، تەنیا دیموکراسی دەتوانێت لە

ڕێی ئەو ژینگەیەی بۆ ڕادەربڕین و گفتوگۆ و لێکتێگەیشتن دروستی دەکات، شەرعییەتێک بداتە ململانێ سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان و پیکەوەژیانی جیاوازییەکان، دور لە زۆرەملێ و توندوتیژیی، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە بەهیچ جۆرێک لە دیموکراسیدا توندوتیژی نییە، بەڵکو بەکارهێنانی هێز بەناچاری لە کاتێکدا کە بەرژەوەندی باڵای وڵات دەکەوێتە مەترسییەوە، دەبێتە ڕێگەچارە، ئەگەرچی لە سیستەمە دیموکراسییە پێشکەوتوەکاندا دوا ڕێگاچارەیە، چونکە خودی دیموکراسی میکانیزمی پێویستی بۆ چارەسەری ململانێکان و پاراستنی ئازادییەکانی لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتوە، خەسڵەتێکی دیاری دیموکراسی، زامنکاری گۆڕانی دەسەڵاتداران و ئەم دەست ئەو دەستکردنی دەسەڵاتە، ئەو کێشەیەی هۆبز بە مەترسیدارترین کێشەی سیستەمە سیاسییەکانی دادەنێت، بەڵکو هەڵبژاردن چاکترین ڕیگەچارەی ئەو کێشەیەیە، دواجار دیموکراسی وەک پرۆسەیەکی فراوانکردنی مافە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان دەمێنێتەوە.(عبدالله،2005: 37). یەکێک لە کولتورەکانی دیموکراسییدا بریتییە لە قبوڵکردنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان و دەستاودەستکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات، هەروەها دەبێت متمانەی ئەوە لەلای کۆمەڵگە دروست ببێت، کە ئەو لایەنەی براوە دەبێت، دەسەڵات بۆ بەرژەوەندیی خۆی بەکارنەهێنێت، کەواتە لە سەرەتادا دەبێت متمانە لە نێو کۆمەڵگە هەبێت و سیستەمێکی سیاسی بێتەکایەوە کە تێدا ئەو پارتەی لە دەسەڵاتدایە دادپەروەرانە مامەڵە لەگەڵ هەمو لایەکدا بکات، تەنیا لەم چەشن و دۆخەدا کۆمەڵگا متمانە بە سیستەمی سیاسی دیموکراسیەکەدا دەکەن، کەواتە بەشێک لە ئەرکەکە ئەوەیە تۆ متمانە لە نێو کۆمەڵگەدا دروست بکەیت و ئەزمونێک بونیاد بنێیت چەند جارێک ئەم پرۆسەیەی ئاڵوگۆڕیی دەسەڵات دوبارە بکرێتەوە، ئەو کات دەتوانرێت ئاسانتر ڕێگری بکەیت لەوەی پارتێک باڵادەست بێت و دەست بەسەر هەمو شتێک دابگرێت، واتە هاوسنگییەک لە نێو پارتەکان دروستبکرێت نەتوانێ کۆنترۆڵی هەموشت بکات.(موستەفا، عبدالله،2012: 182). بەڵام لەبەر ئەوەی خەباتی سیاسیی پارتە سیاسییەکانی کوردستان ئەزمونێکی دیموکراسیان پەیڕەو نەکردوە، ئێستاش لەگەڵ دابێت دەستاو دەست کردنی دەسەڵات نەبۆتە مۆدیلێک بۆ حکومرانی(سابیر،2011: 16). بۆیە فرەحزبی، هیچ ماناو ناوەڕۆکێک ناگەیەنێت، ئەگەر ئەو حزب و ڕێکخراوانە بە ڕێوشوێنێکی دیموکراسیانە ململانێ نەکەن و ئەو زۆرینەی بەدەست هێنا، بەڕێوەبردنی وڵات نەگرێتە دەست لەمەش گرینگتر، کەمینە ئەمە قبوڵ بکات و سیستەمی سیاسی دەستوری مافی کەمینەش بکا تا هەڵبژاردنی داهاتو، ئەوکاتیش هەر حزبێک زۆرینەی هێنا ئەوا دەسەڵات وەردەگرێت، بەم شێوەیە ئەو دەستاودەست کردنێکی دەسەڵاتی سیاسی زۆر ئاشتیانە بەڕێوەدەچێت.(شەریف،2008: 106).

## پێنجەم: کەرەستەو شێوازی ململانێی پارتە سیاسییەکان لە هەرێمی کوردستان.

### 1.ململانێ بە شێوازی میدیا:

بەپێی بیروبۆچونی بەشێک لە پسپۆران شێوازو جۆری ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستان بۆتە بەشێک لە کێشە و ململانێکان. لە زۆر بارودۆخ و ڕوداو بابەتەکان لە قەبارەی خۆی گەورەتر دەکەن و بەدواچونەوەی ورد دەکەن تا وا لە گوێگر یان هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان بکەن لایەنێک تاوانبارە، دوای پێداچونەوە و لێکۆڵینەوە لەم گۆڕانکاریانەی لە هەرێمی کوردستان و عێراق و ناوچەکە ڕویانداوە لە سەرەتا سەرهەڵدانی بەهاری عەرەبی و هاتنی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش بۆ ناو هاوکێشەکان، ڕاگەیاندن بە هەمو بەشەکانیەوە لەشوێنی ئەوەی ببێتە هۆکارێک بۆ چارەسەر، بۆتە هۆکارێک بۆ قوڵکردن و تۆخکردنی ململانێ و کێشەکان.(خەبات،2016). هۆیەکانی ڕاگەیاندن ئامرازەکانی پەیوەندیکردنی وەک (بینراو _ بیستراو _ نوسراو) دەگرێتەوە، کە لەم سەردەمەدا بە ئاسانترین شێواز و بەکەمترین کات پەیامەکەی بەتاکەکانی کۆمەڵگا دەگات، سەرچاوەی هەواڵەکانیش زۆر و جۆراو جۆرو کاریگەرن.(Marshall,1998:39). دەرهاوێشتەکانی ڕاگەیاندن زۆر و جۆراو جۆرن، کاریگەریشیان هەمەلایەنەیە، هەندێکیان کورتخایەنن و هەندێکیان درێژخایەن و بەهێزن یان بێهێز، کاریگەرییان لەسەر لایەنی دەرونی کۆمەڵایەتی و ئابوری و تێکدانی سەقامگیری دەبێت.(الشمري،2010: 56). میدیا بەگشتی ڕۆڵیکی دیارو گرنگیان لە پێکهێنانی ڕای گشتی هەیە، سۆشیال میدیاو ڕاگەیاندنی سەردەم دەتوانێ چەندین ئامانج و شێوازی جۆراوجۆر بۆ ململانێی نێوان پارتە سیاسییەکان بەکاربهێنێت، وەک ململانێی سیاسی و ئابوری و پەیامی ناڕاست و چەواشەکاری و پروپاگەندە و هەڵخەلەتاندن.(حسین،2011: 100). دەزگا ڕاگەیاندنە کاریگەرەکان لە هەرێمی کوردستاندا پابەندی کارکردنی تەواویان نییە، چونکە هەریەکەیان کار بۆ ئایدۆلۆژیای پارتێکی دیاریکراو یاخود گروپێکی دیاریکراو یا کەسێکی سیاسیی و سەرکردەیەک دەکەن، ئەمە وایکردوە زۆر جار ململانێی سیاسیی نێوان پارتەکان بە ئاسانترین شێوە بەئەندامانی پارتەکان و تاکەکانی کۆمەڵگا دەگات، لەوێشەوە ململانێکان فراوان تروقورستر دەبنەوە و دەرهاوێشتەی نەرێنی لەسەر ڕەفتار و هەڵسوکەوتیان بەرامبەر بەیەکتر بەهۆی چەواشەکردنەوە، لە سەدەی نۆزدەدا هەر وەکو ئێستای هەرێمی کوردستان، ڕاگەیاندن لە دەستی پارتەکاندا چەکێکی کوشندە بو، تا ئەو شوێنەی کە "لوتەر موت" شارەزای بواری ڕاگەیاندن، ئەو دەورانەی، بە دەورانی ڕەشی ڕاگەیاندنی حزبی ناوبردوە. هەروەها، سەرۆککۆماری ئەو کاتەی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، تۆماس جیفرسۆن، هەرچەندە لەگەڵ ڕاگەیاندن زۆر بە نەرمی هەڵسوکەوتی کردوە و دژی دەرکردنی یاسایەک بو بۆ سنوردارکردنی ئازادیی ڕاگەیاندن،

بەڵام ڕاگەیاندنی بە "لاپەڕەی پیس" ناوزەد کردوە، کە دەبێتە هۆی پەرەپێدانی ململانێ و گەندەڵی و هزری ناڕاستی لە کۆمەڵگەدا.(عارف،2016)

لێرەدا بەهۆی ململانێی ناڕەوا و نیشاندانی سەرکردەکان و دەزگاکان بە ناشیرینترین شێوە لە میدیا، کاریگەریی گەورەی هەبوە لەسەر متمانەی تایبەت میدیای ئۆپۆزسیۆن و ململانێی سەرکردەکان و پارتەکان لەدژی یەکتری و لەناو خودی پارتە سیاسییەکە، بێ ئاگا لەوەی ئەم یەکترشکاندن و ناوزڕاندنانە شوێنەواریی بێ متمانەیی بەجێدەهێڵێت، بۆیە لە توێژینەوەکاندا بە ڕێژەیەکی بەرز خەڵک متمانەی بەمیدیا کلاسیک و تازەکان نییە، پێیانوایە میدیا هۆکارە بۆ ململانێ و دابەزینی متمانەی سیاسی و بە سیستەمی هەرێمی کوردستان. لە پرسێکی تایبەت بە متمانەکردن بەمیدیا بەگشتی نزیکەی (60%) هاوولاتیانی هەرێمی کوردستان متمانە بەدەزگە میدیاکان و هەواڵ و باسەکانیان ناکەن.(صادق،2021: 91). چونکە تاکو ئێستا میدیای پارتە سیاسییەکان زاڵن، میدیای ئازاد و سەربەخۆ یان خاوەندارییەتی دور لە پارتەکان (ئەهلی) بەشێوەیەکی ڕاستەقینە لە هەرێمی کوردستان زۆر کەمە.(حمە صالح،2017: 164). بۆیە دەبێت لە پێناو سەقامگیریی کۆمەلایەتی و سیاسی کۆمەڵگا دەزگاکان خاوەندارێتی میدیا بەگشتی، توانای بەرهەمهێنان و سازدانی دیالۆگ و قەبوڵی بەرپرسیارێتیی خۆی بەرزبکاتەوە و پیشەییتر کار بکات، بەمەش جێگە و پێگەی گرنگتری لە بەڕێوەبردنی حوکمڕانیی وڵاتی پێدەسپێردرێت. زانایانی کۆمەڵناسی هانی پەیوەندی جەماوەری دەدەن بەهۆی ئەم پەرەسەندنانەی لە بواری تەکنەلۆژیا بەدیدێن( Borgatta and Montgomery, 176:without year).

## 2.ململانێی پارتە سیاسییەکان لە ڕێگای خۆپیشاندان:

خۆپیشاندان یەکێک لە پایەکانی دیموکراسی و ئازادی و مافی مرۆڤە، چەسپاندن و پارێزگاری هەر یەک لەو بنەمایەنە بەبێ ئاشتی سەرکەوتو نابێت. ئەگەر خەڵک داوای مافبکەن و لایەنە سیاسییەکانیش ڕێز لە ڕای خەڵک بگرن، پێویستە ئاشتی پێشێل نەکرێت و تێکەڵ بە ناکۆکی و ململانێکان نەکرێ. چەند ساڵی ڕابردو، بابەتی خۆپیشاندان یەکێک بوە لەو بابەتانەی کە مشتومڕی زۆری لەسەر بوە. ئەمەیش بۆ وڵاتێک کە ئەزمونێکی دەوڵەمەندی لە کەلتوری دیموکراسی و یەکترقبوڵکردندا نییە، ڕەنگە شتێکی ئاسایی بێت، چونکە بەشێکی گرنگ لە کەلتوری دیموکراسی لە ڕێگەی ئەزمونەوە بەدی دێت. هەر لە ساڵی٢٠١٠وە کە یاسای خۆپیشاندان پەسند کرا، هەتا خۆپیشاندانەکانی ٢٠١١ و ساڵانی دواتریش، هەمو کات شێوازی هەڵسوکەوتی خۆپیشاندەران و دەزگەکانی تەناهی، جێگەی گلەیی و گازندەی لایەنە جۆراوجۆرەکان بوە. دەسەڵاتداران گلەییان لەوەیە، کە خۆپیشاندەران سنوری یاسا و ڕێسا بەرکارەکانی خۆپیشاندانێکی ئاشتییانە دەبەزێنن و، توندوتیژی بەکار دەهێنن و زیان بە سامانی گشتی و تایبەتی دەگەیەنن. لایەنە

خۆپیشاندەرەکانیش هەمو کات گلەییان ئەوە بوە، کە دەزگە تەناهییەکان دژ بە خۆپیشاندەران چەک بەکار دەهێن (وەلەدبەگی،2017) خۆپیشاندان بەشێکی بۆ چەسپاندن و فراوانکردنی دیموکراسیەت دەگەڕێتەوە، لەڕێی کەمکردنەوەی پاوانخوازیی دەسەڵات و بەهێزکردنی مەودای کۆمەڵگەی مەدەنی، دەبێت ڕاپەڕین و پشێوی نانەوەو توندوتیژی بەکارهێنان جودا بکەینەوە. لە کوردستان سەرەتای خۆپیشاندانەکان لە هەڵوێست نواندن و پەیامی پشتگیریی ڕاپەڕینی میسر و تونس زێتر نەبوە، هاوکات ئاڕاستەکردنی پەیامی چاکسازی بۆ حکومەتی هەرێم. بەڵام دواجار ئەو ئاپۆڕە بە ئاقارێک و توندوتیژیدا ڕۆیی. (جەمال،2011). پارتە ئۆپۆزسیۆنە تازەکان، زۆر جۆر و لە زۆر شوێن خۆپیشاندانیان سازکرد، بەڵام هەندێکیان لە چەند کاتژمێرێک یان لە چەند ڕۆژێک تێپەڕی نەکردوە، بەڵام گرنگترین و زیانمەنترین خۆپیشاندانە سەرتاسەریەکان، ئەوەی 17ی شوباتی ساڵی 2011 بو، کە زیاتر لە سێ مانگی خایاند بەهۆی دەستوەردانی لایەنە سیاسییەکان لە سنوری پارێزگای سلێمانی، پەیامی خۆپیشاندەران بەلاڕێدا بردراو هیچ ئەنجامێکی دیار و خێرای نەبو، بەڵکو پارتی دیموکراتی کوردستان تێدا تاوانبار کرا. دەکرێ بوترێ ئەو خۆپیشاندانە سەرەتایەکی مەترسیدار بو کە بەناو حزبە سیاسییەکان خەڵکیان هاندا بەرەو توندوتیژی و هەڵکوتانە سەر بارەگای حزبی و شوێنە گشتییەکان. هەر لایەنێک یان هەر کەسێک لە ژێر ناوی هەر پارتێک دابێت بیەوێ ئەو ململانێی سیاسییە بۆ توندوتیژی و فەوزا دروستکردن بەرێت، ئەوا لە کوردستان یاسا هەیە. (هەورامی،2011: 35). خۆپیشاندانەکەی 17ی شوباتی 2011 گۆڕانێکی چەواشەکارانەی لە هەڵوێستی بەشێکی کۆمەڵگە دروستکرد، بەهۆی سەپاندن و تێکەڵکردنی ئامانجە سیاسییەکانی خۆی لەگەڵ داوای خەڵک، دەکرێ بوترێ ئەوە سەرەتایەک بو بۆ گۆڕانێکی چۆنایەتی مێژویی، بۆ بەلاڕێدابردنی شێوازی خۆپیشاندان و خەڵک و بەکارهێنانیان بۆ مەرامی تەسکی حزبی، هەر ئەو هۆکارەش وایکرد خۆپیشاندانی 17ی شوبات توندوتیژی لێبکەوێتەوە و ئاژاوە لەناو خەڵک دروستبکەن و زیان بە بەرژەوەندیی گشتی کەوت و سەقامگیریی کۆمەڵایەتی کەوتە ژێر مەترسییەوە، تێیدا پارتێکی سیاسی تۆمەتبار کرا، چەند بارەگایەکی سوتێندران و درانە بەردەستریژی گولەو ئەمانیش وەڵامیان بۆ خۆپیشاندان هەبو. (حەمەدەمین،2018). لە سنوری هەولێر و دەڤەری بادینانیش شێوازو جۆراوجۆری خۆپیشاندان ئەنجامدران، بەڵام لایەنی سیاسی خۆپیشاندانەکانی بەلاڕێدا بردوەو چەند جارێک بارەگای پارتە سیاسییەکان سوتێندراون و توندوتیژیی لێکەوتۆتەوە، ئاژاوە لەناو کۆمەڵگا دروستبوەو زیان لە بەرژەوەندیی گشتی کەوتوە و سەقامگیری کۆمەڵایەتی و سیاسی کەوتۆتە ژێر مەترسییەوە. گواستنەوەی ململانێی نێوان لایەنەن سیاسیەکان بۆ شەقام ئەوەندەی تر مەترسی توندوتیژی و ڕاپەڕین زیاد دەکات، بەبێ ئەوەی ئامانجێکی دیاریکراوی لە پشت بێت. بەکارهێنانی شەقام لە ململانێ سیاسییەکاندا بە تایبەتیش لە ڕێگای میدیاو سۆشیال

میدیادا زەبرێكی زۆری بەكاری سیاسی و دامەزراوە ئیداریەكاندا گەیاندوە. بە جۆرێك لەگەل هەر قەیرانێكی سیاسی زەبرێكی زۆر بە خودی دامەزراوەكە دەكەوێت(ڕەسوڵ،2000).

### 3.ململانێی ئابوری:

پارتە سیاسییەكان لە جیاتی هەنگاونان بەرەو دیموكراسیەت و دابینكردنی سەقامگیریی كۆمەڵایەتی و بۆ كۆمەڵگە و سڕینەوەی ئاسەوارەكانی شەڕ و هەمو ئەوماڵوێرانییەی كە لە ڕابردو بەسەر گەلی كوردستاندا هاتوە، بەپێچەوانەوە كەوتنە داگیركردنی فەزای گشتیی كۆمەڵگا و بە دەوڵەت كردنی پارت و مۆنۆپۆڵكردنی سەرجەم سەرچاوە ئابورییەكانی كوردستان لە كاییەی حزبیدا.

لە دوای ڕاپەڕین و شەڕی ناوخۆیی تا ڕوخانی حكومەتی عێراق، لە ساڵی 2003 دا، سەرەڕای ئەوەی دەسەڵاتی هەرێم كرا بە دو ئیدارە، لە ئەنجامی ئەو ململانێ و شەڕی براكوژی، هەرچی سەروەت و سامانی سیاسیی و ئابوری و كۆمەڵایەتی ئەم وڵاتە هەبو، بەسەر دو پارتی سیاسیی چەكداریی بەهێز لە كوردستاندا دابەشكرا. (حسن،2008: 92).

ئابوری بە سەرچاوەی یەكەمی ململانێ سیاسییەكان و كۆمەڵایەتییەكانی هەر كۆمەڵگەیەك دادەنرێت، هیچ قەیرانێكی كۆمەڵگە هێندەی قەیرانی ئابوری كاریگەری نەرێنی بەسەر كۆمەڵگەوە نییە، بۆیە ناكۆكیی توندی ململانێ سیاسییەكان پەیوەندییەكی پتەویان بە قەیرانە ئابورییەكانەوە هەیە، واتە هەر كێشەیەكی ئابوری كە ڕوبەڕوی چین و دەستە بژێرە سیاسییە كاریگەرەكانی كۆمەڵگا دەبێتەوە، ڕاستەوخۆ دەبێتە هۆی ململانێی توند لەسەر دامەزراوەكانی دەوڵەت و دەسەڵاتی سیاسی، دیارترین لێكەوتەی قەیرانی ئابوری نزمبونەوەی ئاستی دەرامەتی تاكە، واتە هەژاری بەدیارترین زەمینە خۆشكەری ململانێیە ناوخۆییەكان دادەنرێت و زۆربەی توندوتیژییە سیاسییەكان لە كەمدەرامەتی خەڵكەوە سەرچاوە دەگرێ، دواجار هەڕەشە لە سەقامگیریی كۆمەڵایەتی و سیاسی دەكات.(سابیر،2017: 41). بۆیە زانایانی كۆمەڵناسی و ئابوریناسان بەگشتی، لەوەدا كۆكن كە فاكتەرە ئابورییەكان، ڕۆڵێكی گرنگ لە ململانێ سیاسییەكان دادەبینن، بۆیە ئەم فاكتەرە ئابوریانە كاریگەری زۆریان لەسەر سەقامگیریی كۆمەڵایەتی هەیە، نەك تەنها لەسەر ئاستی ناوخۆ، بەڵكو لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش، لەم شیكردنەوانەی زانایانەوە بۆمان دەردەكەوێت تا ڕەوشی ئابوریی كۆمەڵگە سەقامگیربێت، سەقامگیری سیاسی و كۆمەڵایەتی زامنتر دەبێت، واتە ئەگەر باری ئابوری كۆمەڵگا ناسەقامگیربێت و ململانێكان توندبن لەسەر ئابوری، كاریگەری نەرێنی دەبێ لەسەر سەقامگیری كۆمەڵایەتی و سیاسی.(شەریف،2007: 49). لەم دو پرەنسیپە سیاسی و ئابورییە نێودەوڵەتییەوە، بۆمان ڕوندەبێتەوە كە فاكتەرە ئابوری و سیاسییەكان چەند پێكەوە گرێدراون و چۆنیش یەكیان كاری ڕاستەوخۆ لەوی دیكەیان

دەكات، فاكتره ئابورییەكان بەشێوەیەكی گشتی كاریگەرییان لەسەر دامەزراوه سیاسییەكان و ڕەفتاری سیاسی هەیە.(الأسود،1986: 169).

### 4.جیاوازیی ئایدۆلۆژیا:

پارتە سیاسییەكان هەڵگری ئایدۆلۆژیاو نۆرمی جیاوازی بیركردنەوەن، كە بەشێكیان زۆر بەتوندی بە ئایدۆلۆژیاكانیانەوە پابەندن و لەو پێودانگەوە، دەچنە ناو گەمەو ململانێی سیاسیەوە، كە ئەو ململانێیانەی لە نێوان پارتە چەپ و ڕاستەكاندا ڕویانداوە، پەیوەستن بەو ڕاستییە.(بەڵخەیی، هاوبیر،2021: 65).

### شەشەم: پەیوەندیی پارتە سیاسییەكانی هەرێمی كوردستان بە سەقامگیریی كۆمەڵایەتی.

حزبە سیاسییەكان دەتوانن ڕۆڵێكی گەورە بگێڕن و ببنە مایەی گەشەپێدانی كۆمەڵگە و سیستەمی سیاسی، بەتایبەت لە سیستەمی سیاسیی فرەحزبیدا، كە زیاتر خزمەت بە بەها گرنگەكانی دیموكراسی و مافی مرۆڤ و پێشخستنی دەسەڵات و كۆمەڵگە بكات. تایبەت بە واقعی هەرێمی كوردستانیش دەردەكەوێت كە كەلتوری سیاسیی ئێمە لە قەیرانێكی گەورەدایە. بە جۆرێك بەهای هاوبەش و كۆڵەكەی هاوبەش لە نێوان تاكەكاندا نەماوە و، متمانە لە نێوان سیستەمی سیاسی و هاووڵاتیاندا پرسیاری گەورەی لەسەرە، ڕوئیا و ڕوانگەی هاووڵاتیان دەربارەی ڕوداوە سیاسییەكان و سیستەمی سیاسی زۆر جیاوازە و سیستەمی سیاسی كەوتۆتە ژێر پرسیارەوە، ئەمەش دەكرێت لێكترازانی كۆمەڵایەتی و سیاسی دروست بكات. كەواتە هەمو كایەكانی ژیان، لەژێر هەژمونیی حزبە سیاسییەكاندایە، كەناڵەكانی تری پێگەیاندنی سیاسی لە ئاستێكی زۆر لاوازدان و ناتوانن متمانەی سیاسی و مەدەنی سەقامگیریی كۆمەڵایەتی بۆ كۆمەڵگە دروست بكەن. لە هەرێمی كوردستان كێشە و كەموكوڕیی زۆر گەورە لە كەلتوری سیاسی و كەناڵەكانی پێگەیاندنی سیاسیدا هەیە، حزبە سیاسییەكان ململانێی سیاسیی جیاواز دەگرنە بەر، كە دەبێتە هۆی لێكترازن و كێشەی گەورەی كۆمەڵایەتی و سیاسی. بۆیە دەكرێت بگوترێت هۆكاری سەرەكییە بۆ نەبونی سەقامگیریی كۆمەڵایەتی لە هەرێمی كوردستان.(محمد،2016). هەمو ئەو هۆكارانەی دەبنە هۆی لێكترازانی كۆمەڵایەتی، ئەو ململانێ و ناكۆكی و كۆمەڵایەتییانەی سەرهەڵدەدەن لەنێو تاكەكانی كۆمەڵگادا كە دەكرێت ئەمەش جیاوازی بیركردنەوەبێت، یاخود بیروباوەر یاخود چینگەرایی بیت یان سیاسی یان ئاینی بێت، كە دەبێتە هۆی ڕەواندنی ڕۆحی جیاوازی لە نێوان تاكەكانی كۆمەڵگە ئەم هۆكارانەش كاریگەری دەخاتە سەر سەقامگیریی كۆمەڵایەتی.(أبوالغار،1985: 53). ئەو ئاستەنگانە قورسایی خۆیان دەخەنە سەر شانی پارتی سیاسی، بۆ ئەوەی كار بۆ كۆكردنەوەی تواناكانی بكات تا بەرنامەیەكی ڕێكوپێك بگرێتە ئەستۆی خۆی، دواتر تا بتوانێت بارودۆخی ململانێی سیاسیی لە ڕەگ و ڕیشەوە بگۆڕێت، لێرەوە پرۆفیسۆر (هنتنگتن) جەخت دەكاتە سەر ئەوەی، ئەو دامودەزگایانەی پارتەكانیش پێویستە ئازادیی تەواویان تێدا دەستەبەر كرابێ، بۆیە ئەگەر پارتی

سیاسی نەتوانێ ڕووبەڕوی ئاستەنگەکان ببێتەوە، ئەو دەکەوێتە بەر ڕەشەبای چارەنوسی پەرت بون و هەڵوەشانەوە، هەروەها لە دارمانی تەواوەتی نزیک دەبێتەوە(نەجار،2021: 203).

## 1.ڕۆڵی پارتە سیاسییەکان لە هەرێمی کوردستان :

ئەگەرچی پارتی سیاسی لەسەرەتای سالانی 1920ەوە لە باشوری کوردستان دامەزراون و دەستیان بە چالاکی کردوە، بەڵام بەدیاریکراوی لەسەرەتای ساڵی 1946ەوە بەشێوەیەکی ڕێکخراوترو هێزی کاریگەر ڕۆڵیان لە ڕوداوە سیاسییەکان هەبو، لە دوای ساڵی 1992ەوە تاکو ئێستا لە هەرێم بە بەهێزترین فاکتەری جوڵانەوەی سیستەمی سیاسی دادەنرێت، بەتایبەت لە دوایی کشانەوەی دامودەزگاکانی حکومەتی ناوەندیی عێراق لە هەرێمی کوردستان، ئەم پارتانە ڕۆڵی سەرەکییان گێراوە لە بەرێوەبردنی هەرێم بە ئەرێنی و نەرێنیەوە.(صادق،2021: 84). لێرەدا پێویستە، ئەو پەراوێزبونەی کۆمەڵگەی کوردی بخەینەڕو، لە بەرامبەر کۆمەڵگەی سیاسی دیارە جیاوازیی سەرەکی کۆمەڵگای سیاسی لەگەڵ کۆمەڵگای مەدەنی ئەوەیە، کە کۆمەڵگەی سیاسی ئامانجی سەرەکی دەستگەیشتنە بە دەسەڵات و حوکمڕانی، لە شێوەی پارتە سیاسییەکان و دامەزراوە سیاسییەکانی تری کۆمەڵگە، بەڵام لەڕاستیدا بەهۆی ئەو ململانێ نادروستەی نێوان لایەنەکان لە هەرێمی کوردستان، کەس ئاگای لە کۆمەڵگەی کوردستانی و کێشەکانی نەماوە، هیچ پرۆژەیەکی جددیش بۆ پەرەپێدان و گەشەکردنی لە ئارادا نییە. کەس نازانێت دۆخی چینەکانی کومەڵگەی کوردستانی لە چ ئاستێکدایە، چینی نزم و ناوەڕاست و بەرز گەیشتونەتە چ ئاستێک، هاوسەنگیی نێوان چینەکان لەگەڵ ئاستی هۆشیاریی چینایەتی چۆنە، توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردستانی لە چ دۆخێکدان، ئەگەر دەسەلاتی سیاسیی دوای ئاریشەکانی کۆمەڵگە نەگەڕێن، ناتوانن خاوەن ئایندەیەکی گەش و نەوەیەکی تەندروست و سیاسەتێکی سەرکەوتوش بن، چۆن بانگەشەی چاکسازی و گەشپێدان و باشترکردنی گوزەرانی خەڵک بکەن، بەڵام ئەم بوارانەیان جێهێشتوە و بونەتە پسپۆڕی سیاسی و خەتیبی بەڕێوەبردنی ململانێ سیاسییەکانی هەرێم. کۆمەڵگەی کوردستانی چەند پێویستی بە بواری سیاسی هەیە، دو ئەوەندە پێویستی بە قسەکردن و گفتوگۆی جدی هەیە لە بوارەکانی ئەندازیاری و پەروەردە و تەندروستی و ڕێگاوبان و ئاوەڕۆکان و کشتوکاڵ و.. تاد. بوژانەوەی ئەو بوارانەی ئاماژەمان پێدان ڕاستەوخۆ کاریگەرییان دەبێت لەسەر خۆشگوزەرانی، ئارامی، سەقامگیری کۆمەڵایەتی.(ڕەسوڵ،2018). لەم پێناوەدا پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستانی تا ئێستا پرسیارێکی جەوهەرییان لەسەر ئەو هەمو قەیران و ئاستەنگە قولانەی کۆمەڵگە پێوەیان دەناڵێنێ دروست نەکردوە، هەر لە قەیرانی کۆمەڵایەتی تا سیاسی و ئابوری و ڕۆشنبیری گرتۆتەوە، لە کاتێکدا ڕۆژانە و بەردەوام لە خەمی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیاندان، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ئەو پارتە سیاسیانەی هەرێمی کوردستان ناتوانن ڕۆڵی گونجاو ببینن لە ئەکتیڤکردنی کۆمەڵگەدا.(سابیر،2011: 39). بەشێوەیەکی

ئاسایی ڕێکدەخرێت لە ڕێگای کاری بەدەزگایی کردنی وڵات و پارتە دەسەڵاتدارەکان و مەداری چالاکی ڕۆژانەیان، لەگەڵ ئەمانەش سروشتی ئەدای سیاسی دەسەلات و چۆنیەتی دەرکردنی بریارە سیاسییەکان بۆ چارەسەری کێشە سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابورییەکان و ڕەنگدانەوەی ئەم بریارانە چۆن دەبێت بەسەر کۆمەڵگەوە، ئەمانەش هەمو ڕۆڵێکی گرنگیان دەبێت. (الخزرجي،2004: 78). (ستانفیڵد) لە تێزی دکتۆراکەیدا، ئاماژەی بە بونی ململانێی پارتەکان لەگەڵ یەکتردا و هەتا لە ناو خۆی پارتەکانیشدا کردوە، بەڵام دەستنیشانکردنی لێکەوتە کۆمەڵایەتییەکانی ئەم کێشەیەی نەکردوە، لەبەرامبەردا لەپاڵ ئەوەی کە لەو توێژینەوەیەدا دەرکەوتوە، کێشەی نێوان پارتی و یەکێتی لە کابینەکاندا ڕەنگدانەوەی لەسەر بواری گەشەپێدانی کۆمەلایەتی و گرنگیدان بە پێشخستنی کۆمەلایەتی لە هەرێمی کوردستان هەبوە، کە ئەمەش بەشێکە لە ڕۆڵی نێگەتیڤی پارتەکان. (ستانفیڵد) جەختی لەوەش کردۆتەوە کە لە ساڵانی (1991 - 1999) دا ژمارەی کەسانی تەکنۆکرات لە دامەزراوەکانی حکومەت زیادی کردوە، هەروەها ئاماژەی کردوە دەڵێ نەک تەنها ئەم توێژە زیادی کردوە، بەڵکو ڕێژەی زانکۆ و مامۆستا و قوتابی و پزیشک و زۆر لە پیشەگەرەکان و لەمانەش زۆر لە پسپۆڕ و دامەزراوەی جیاجیا زیادیان کردوە، هەروەها بۆی دەرکەوتوە، لە ساڵانی (1996 _ 2000)دا، لەڕوی گرنگیدان بە دامەزراوەکانی حکومەت هەردو ئیدارە گەشەیان کردوە.(شیراوی،2021: 245).

## 2. پەیوەندیی پارتە سیاسییەکان بە دامەزراوە فەرمییەکان.

پارتە سیاسییەکان بریتین لە کەناڵەکانی گوزارشتکردن و نوێنەرایەتیکردنی خەڵک. ( Sartori,1976: 54). هەرکات حزب یان هەر هێزێکی دیکەی کۆمەلایەتی لە دەوڵەت گەورەتربن، دەوڵەت توشی سستی و لە پەلوپۆدەکەوێ، هەروەک ئەوەی ئێستا لە کوردستان لە ئارادایە، کە دامەزراوە فەرمییەکان تەنانەت ناتوانن ڕێگە لەو لایەنانە بگرن کە دەستیان بەسەر دەروازە سنورییەکاندا گرتوە. لە ڕاستیدا لە ژینگەیەکی لەم شێوەیەدا خودی دەوڵەتەکە لەژێر پرسیاردایە، چونکە توانای بەکارهێنانی هێزی نییە، هێز بەو مانایەی کە دەوڵەت خاوەن مۆنۆپۆڵی شەرعیی بەکارهێنانی هێزە لە نێو سنورەکەی.(ڤێبەر،1947). بەلای (سامۆئیل هانتگتۆن) لە هەر وڵاتێک دامەزراوەی پارتی سیاسی لە پێش دامەزراوە فەرمییەکانی دەوڵەت دروست بون، بۆ ئەو وڵاتە ئەستەمە بتوانێت خۆی لە ژێر هەژمون و کاریگەریی ئەو پارتانە دەرباز بکات و یاسا سەروەر بکات.(صادق،2021: ؟) هەرچەندە کوردستان تاکە شوێن نیە کە ئەزمونی ئەم جۆرە لە کاریگەریی پەیوەندیی نێگەتیڤی حزب و حکومەتی کردوە، بەشێکی زۆر لەو ناوچانەی کە خاوەن ئەزمونی نوێن لە قبوڵکردنی دیموکراسی، یان گۆڕینی ڕژێم، ڕوبەڕوی کێشەی گەشەنەکردنی دامەزراوەکان و پاشەکشەی دیموکراسی بونەتەوە، بەڵام ڕەنگە کوردستان تاکە شوێن بێ کە ئەم دۆخە تیایدا هەم زۆر درێژەی کێشاوە، هەم

دامەزراوە سیاسییەکان زیاتر بەرەو پاشە کشە ڕۆیشتون، لەم سەردەمەدا چەندین جۆر دەزگاو دامەزراوەی جیاواز و کەسایەتیی خاوەن هەژمون لە سایەی پارتەکان دروست بون، کە زۆر جار دەسەلاتەکانیان لە دەسەلاتەکانی خودی حزب و مەکتەب سیاسییەکان گەورەترە.(سالح،2020: 100). ئەو هێزانە نەک هەر دەستتێوەردان لە حکومەت بەڵکو شوێنە حکومییەکان بۆ خۆیان کۆنترۆڵ دەکەن، لە کاتێکدا ئەم جۆرە لە دەستتێوەردان لەسیستەمە تاک حزبی و دیکتاتۆرەکانیشدا نییە، کەوابو ئێستا کە باس لە حزب دەکرێ وەک بونێکی ئەبستراکت تەماشا ناکرێ، بەڵکو هەمو ئەو هێز و سیاسیە بازرگان و میدیا و سێبەرانەش لەبەرچاو دەگیرێ کە لەژێر سێبەری حزب کار دەکەن، بۆیە هیچ کات بابەتی دامەزراوەیی لە کوردستان سەرکەوتو نابێت، ئەگەر بێت و ئەو پەیوەندییە ناتەندروستەی نێوان حزب و حکومەت، هەتا دەستتێوەردان و کاریگەری دەرەکی لەسەر دامەزراوە فەرمییەکان زیاتر بێت سیستەمی سیاسی لاواز دەبێ، هەتا سیستەمی سیاسی لاواز بێت بواری دەستتێوەردان و کاریگەریی دەرەکی زیاتر دەبێت.(عەلی، 2019: 43). لە ڕاستیدا دۆخی کوردستان پێویستی بە سیتەمێکی سیاسیی بەهێزە کە ئەو بازنەیە بشکێنێ، دوای (30) ساڵ حکومڕانی، کاتی ئەوەیە دۆخی کەفوکوڵی شۆڕش و بزوتنەوەی چەکداری تێپەڕێندرێت و بنەمایەک بۆ دامەزراوەییبون و جیاکردنەوەی دەسەلاتەکان و ڕێکخستنی پەیوەندییەکان دابنرێ، کاتی ئەوەیە یاسا سەروەربێ، کوردستان ببێ بە خاوەن دەستورێکی لیبراڵ، بەشێوەیەک دامەزراوە سیاسییەکان ببن بەخاوەن بنەمای دەوڵەتی سەقامگیریی کۆمەلایەتی کە حزب و هێزە کۆمەلایەتییەکانی دیکە نەتوانن دەستتێوەردانی تێدا بکەن.(سالح،2020: 100).بەلام ئاشکراو ڕونە دەستتێوەردانی پارتی سیاسی لە کاروبارە فەرمییەکان لە ڕادەبەدەرەو ئەم کارە زۆر جار حکومەت و هاوولاتیانی کۆمەڵگەش پێی نیگەرانن.( صادق،2021: 84). هەروەها حزبی سیاسی وەک دامەزراوە نافەرمیی دەوڵەت دادەنرێت، بە واتای ئەوەی بەشێک نییە لە دامەزراوەی بیرۆکراتی دەوڵەت، (بێجگە لە دەوڵەتانی شمولی و دیکتاتۆری)، ئەمەش واتا لە بنەڕەتدا حزبی سیاسی لە ئیدارە مامەڵە ناکات، بەڵکو لەگەڵ هاوولاتیان مامەڵە دەکات و لەگەڵ خەم و گرفتەکانیان کارلێک دەکات، بە جۆرێک حزب دەبێتە میکانزمێک بۆ گەیاندنی داواکاری هاوولاتیان بەسیستەمی سیاسی، بەم جۆرە حزبی سیاسی پێگەیەکی گرنگی لە هەیکەلی سیستەمی سیاسیدا دەبێت، بەلام چۆن دەتوانێت پارێزگاری لەو پێگە گرنگە بکات و بەردەوامی هەبێت.(نەجار،2021: 177).

## 3.متمانەی خەڵک بە پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان :

متمانەی سیاسی تاڕادەیەک چەمکێکی نوێیە لە ئەدەبیاتی زانستە سیاسیەکاندا، لە 2006 نەتەوە یەکگرتوەکان وا پێناسەی کردوە، کە بریتیە لە: ڕەزامەندیی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەو نوخبەی سیاسی لەسەر فۆرمی فەرمانڕەوایی، جۆری کارگێریی حکومەت، هەروەها کارلێکی باشی نێوان دامەزراوە سیاسی

و ئابورییەکان، هۆکارە سەرەکییەکانی ئەم بێ متمانەییە بریتین لە لاوازی سەروەری یاسا، نادادپەرەوەری لە دابەشکردنی سامان، سەرمایەی کۆمەڵایەتی، بەشداری خەڵک لە دەسەڵات، گەندەڵی لە دامەزراوە سیاسی و ئیداریەکاندا. (ڕەسوڵ،2020). بەپێی بیروڕای شارەزایانی بواری متمانەی سیاسی، دەکرێت لە دوای ئەم ماوەیە پێوانەی متمانەی سیاسی بۆ سیستەمی سیاسی یان هەریەک لە یەکەکانی سیستەمی سیاسی بکرێت، لەو ماوەیەدا ڕوداو گۆڕانکاری گەورەی سیاسی لە هەرێمی کوردستان ڕویداوە و کاریگەرییان دروست کردوە لەسەر دابەزینی متمانەی سیاسی خەڵک بە سیستەمی سیاسی. پەیوەندییەکی بەهێز هەیە لە نێوان متمانەی سیاسی و سیستەمی سیاسی، بەشێوەیەک متمانەی سیاسی بەرز، شەرعییەتی سیاسی، بەشداری سیاسی، پابەندبون بە بریار، یاساو پێدانی باج، سەقامگیریی کۆمەڵایەتی و گەشەسەندنی سیاسی لێدەکەوێتەوەو بەپێچەوانەش هەر ڕاستە، ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین لە هەرێمی کوردستان ساڵ لە دوایی ساڵ متمانەی سیاسی بەرەو لاواز بون و پوکانەوە دەڕوات، ئەمە جگە لەوەی مەترسییە لەسەر سەقامگیریی و ئاسایشی هەرێم، لە هەمان کات کاریگەریی نەرێنی کردۆتە سەر گەشەسەندنی سیاسی و پەیوەندییەکانی نێوان هاولاتیان و دەسەڵاتی سیاسی، بۆیە هەرێمی کوردستانی ڕوبەڕوی ئاڵناگاری زۆر کردۆتەوە.(بارزان جەوهر صادق). لە هەرێمی کوردستان پارتە سیاسییەکان بە پێچەوانەی هەڵوێستی پێشوی خەڵک بۆیان، ئێستا خاوەن متمانەیەکی زۆر کەمن، لە ساڵی 2006 نزیکەی (80%)ی گەنجانی هەرێمی کوردستان لە ڕاپرسییەکدا پێیان وابوە، کە پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان، تەنها لە بەرژەوەندیی خۆیان کار دەکەن، گەندەڵ و دیکتاتۆرن و ناتوانن ببنە نوێنەری ڕاستەقینەی ئەوان.(تەلعەت،2006: 110).

لە توێژینەوەیەکی تردا تەنها (5%) یان متمانەیان بە پارتە سیاسییەکان و ڕێکخراوەکان هەبوە، لە یەکێک لە دەرئەنجامەکانی توێژینەوە مەیدانییەکە دەرکەوتوە، کە هاولاتیان بەڕیژەی (62%) باوەڕیان بەهیچ ڕەوتێکی سیاسی یان بەرنامە و پرۆگرامی پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان نییە، بۆیە نەبونە ئەندام تێیاندا. (پارتی و یەکێتی) ڕێژەی (7.8%) یان بەرکەوتوە و پارتە ئیسلامییەکان (5.70%) و پارتە کۆمۆنیستەکان (1.20%) وەرگرتوە لە نمونەکە، ئەوەی جێگەی ئاماژە پێدانە ویستی خەڵک بۆ ئەندام بون لە پارتەکان و ڕێکخراوەکان بە ڕێژەی (23.30%) بوە.(باخەوان،2013: 43). تویژەرانی تریش لە توێژینەوەکانیان هەمان شێوەی دەزگاکانی پێشو، ساڵ دوای ساڵ متمانە بە حزبەکان کەمی کردوە، بەپێی بارۆمەتر لە ساڵی 2011، جیاوازی کەم دەبینین لە متمانەی خەڵک بە پارتە سیاسییەکان. بزوتنەوەی گۆران کە لە گەرمەی کاری سیاسی بو ئەوکات (40%)ی متمانەی هاووڵاتیانی هەبوەو یەکگرتوی ئیسلامی (39%)، پارتی دیموکراتی کوردستان (38)، و یەکێتی نیشتمانی کوردستان و کۆمەڵی ئیسلامی (37%)ی متمانەی سیاسیان هەبوە. ئەم ڕێژەیە دوساڵ دواتر زۆر لەکەمی داوە بەشێوەیەک کە متمانەی سیاسی

بەگشتی بە پارتە سیاسییەکان دابەزیوە بۆ (17.91%)0 لە نمونەیەکی تری مەیدانی پارتە سیاسسیەکان بەڕیژەی (18%) فاکتەرێکی یارمەتی دەربون بۆ دروستبونی متمانەی سیاسیی هاوولاتیان بە سیستەمی سیاسی، کەواتە پارتەکان ڕۆڵی سەرەکی لە ڕێڕەوی متمانە بون بەسیستەمی سیاسی هەرێمی کوردستان دەگێرن، نەیانتوانیوە پردێکی پەیوەندیی بەهێزبن لە نێوان هاوولاتیان و دەزگاکانی تری سیستەمی سیاسی و لە ئاستی ڕەزامەندی خەڵک نین، بۆیە لە هەرێمی کوردستان هاوولاتیان متمانەی زۆر کەمیان بە پارتە سیاسییەکان هەیە، بۆیە لە توێژینەوەی تێزی دکتۆراکەیدا خەڵک بەڕێژەی (75%) بەم شێوازە دەڕوانێتە پارتە سیاسییەکان و درکیان بە سەرپێچی یاسایی و نادیموکراسیبونی پارتەکان لە هەرێم کردوە بەم ڕێژە بەرزە، بۆیە متمانە بەپارتەکان ناکەن .(صادق،2021: 89). لاوازیی متمانەی سیاسی برینێکی قوڵە لە جەستەی حوکمڕانی هەرێمی کوردستاندا کاتێکی زۆری دەوێت تا ساڕێژ ببێت. چونکە حکومەت و نوخبەی سیاسی بەردەوام ئیشیان بەو متمانەیە دەبێت.

## حەوتەم: دەرئەنجام، پێشنیاز، ڕاسپاردە

### 1.دەرئەنجام:

لەم توێژینەوەکەدا توێژەر گەیشتوەتە ئەو دەرئەنجامانەی لای خوارەوە:-

بەپێی لایەنی تیۆری توێژینەوەکە، دەرکەوتوە لەگەڵ بونی ململانێی نێوان پارتەکان، سەقامگیری کۆمەڵایەتی لە ژێر هەرەشە دادەبێت. ململانێی سیاسیی قوڵی نێوان پارتەکان نایەکسانی و نادادپەروەری و لە زۆربەی بوارەکانی ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگە دێتەکایەوە. هەرکاتێک شەرو ململانێی توند لە نێوان پارتەکان هەبێت، کاریگەری لەسەر لایەنی ئابوری و گەشەپێدان و پێشکەوتنی بونیانی وڵات دەوستێت. ململانێی سیاسیی توند کاریگەری لەسەر گۆڕانی کۆمەڵگەو ناسەقامگیری و ئاسایش و نائارامی خەڵک دەهێنێتە ئاراوە. لە بونی ململانێی سیاسیی، کاریگەری دەبێت لەسەر تێکشکانی بونیادی کولتوری کۆمەڵگە (ناپێوەری_ئەنۆمی) نەمانی بەهاو نارێکی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی دەهێنێتە ئاراوە.

### 2. پێشنیاز:1

1.پێشنیاز دەکەم بۆ لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان، ڕەچاوی بەرژەوەندیی گشتی بکەن و سەقامگیریی کۆمەڵایەتی لە کوردستان نەخەنە مەترسییەوە، بە هۆی ململانێی توندی ناوچەگەرییەوە. 2. پێشنیاز بۆ وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان بۆ ئەوەی یاسایەکی بەهێز هەبێت هەرکاتێ میدیای لایەنە سیاسییەکان پێشێلی ململانێی دیموکراسی بکەن سزا بدرێن. 3. پێویستە لەسەر دەسەلات و لایەنە

سیاسییەکان ئاستی هۆشیاری ئەندامەکانیان و لەو ڕێگەیەشەوە ئاستی هۆشیاری دیموکراسی لە کۆمەڵگادا بەرز بکەنەوە.

**3.ڕاسپاردە:**

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا توێژەرانی ئەم بوارە ڕادەسپێرم بە ئەنجامدانی توێژینەوە لەم بابەتانەی خوارە کە خزمەتێکی زۆر بە کۆمەڵگەی کوردستان دەگەینن.

1.ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر خالە نێگە تیڤەکانی ململانێی سیاسی، بۆ ئەوەی هەنگاوی جدی لەلایەن پارتەکان بنرێت بۆ ئەوەی کۆمەڵگا لە سەقامگیری دابێت.

2.ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر هەمو ئەو هەنگاو بابەتانەی کاریگەرییان دەبێت لەسەر ئارامی و سەقامگیری کۆمەڵگا.

# The conflict of Kurdish political parties and their effects on social stability - An Analytical Study

Kaify Hadi Mohammad[1] - Abdulhameed Ali Saeed Barazanji[2]

[1+2]Sociology department, College of Arts, Salahaddin University- Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

**Abstract:**

The aim of this research is to find the impact of the conflicts on the political parties in the Kurdistan Region over the stability of the community, Also, showing the style and level of conflict of the political parties of Kurdistan region what role and roles do the political parties have in the community, There are some positive and negative effects on the official servants and the civil community, The existence of the political parties of Kurdistan region to what extent has been a place of trust and importance in the community. Then in the background of the research theory, the researcher reveals that, despite the severe conflict between the parties, the stability of the community is always under threat, and the same has been achieved. And in deep political conflict, there is always injustice in most aspects of the life of individuals and the community. Whenever there is a severe conflict between the parties, it will have impact on economical aspect and development. The severe political conflict affects the change of the community, instability, security, and instability of the people's life. The existence of political conflict will have influence on the development of the cultural structure of the community (non-measure-anomi).

**Keywords**: Political Conflict, Political Party, Social Stability.

## سەرچاوەکان

ئەلحەسەن، ئیحسان محەمەد(2018) ڕابەرانی هزری کۆمەڵایەتی، وەرگێر_دانا مەلاحەسەن، سلێمانی، چاپخانە_ئەندێشە.
ئاوێنە، (2011). بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە، ڕۆژنامەی ئاوێنە، ژمارە_256، 2011/1/4 .
ئەنجومەنی نیشتمانی هەرێمی کوردستانی عێراق (1993) یاسای ژمارە(17)ی حزبەکانی هەرێمی کوردستان.
باخەوان، عادل (2013) کۆمەڵگای ڕەش، سلێمانی، چاپ _ چاپخانەی کاردۆ.
بارزانی، مسعود (2012) بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کورد، هەولێر.
بشیریە، د.حسین (2009 ) زانستی سیاسی، وەرگێڕان، بابە علی مهرپەروەر، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەلات.
بەڵخەیی، هیوا عوسمان، فەلاح، هاوبیر (2021) بنچینەکانی کاری پارتیەتی و مێژوی پارتی سیاسی لە کوردستانی عێراق، هەولێر، بەرهەمی سەنتەری دیراسات و توێژینەوە و ئەکادیمیای پارتی.
بودون، ڕیمون، فرانویا بوریکو (2006) فرهنگ انتقادی جامعەشناسی، ترجمە عبدالحسین نیک گهر، تهران، انتشارات فرهنگ معاصر.
جەمال، نەوزاد (2011) خۆپیشاندانەکان چیمان پێدەڵێن، http://dengekan.ca/archives/15322
حسن، بارزان کمال (2008) ڕەهەندە کۆمەلایەتیەکانی توندوتیژی سیاسی، نامەی ماستەر، بڵاونەکراوەتەوە، پێشکەش کراوە بەکۆلیژی ئەدەبیات بەشی کۆمەڵناسی زانکۆی سەلاحەدین_هەولێر، کراوە.
حەسەن، ئیحسان محمد (2012) تیۆرە کۆمەڵایەتییە پێشکەوتوەکان، وەرگێڕان_دیدار ئەبوزێد، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەلات.
حەمەدەمین، سامان (2018) هەڵاوێرێکی مێژوی ناڕەزایی و خۆپیشاندانە جەماوەرییەکان، http://gulanmedia.com/
حەمەدەمین، سامان (2018) هەڵاوێرێکی مێژوی ناڕەزایی و خۆپیشاندانە جەماوەرییەکان، http://gulanmedia.com/
ڕەسوڵ، زوبێر(2000) کێشە هەناوییەکانی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستان، https://www.rudaw.net/sorani/opinion/200520201
ڕۆزە عەبدوڵلا شەریف (2008) ڕەهەندە کۆمەڵایەتیەکانی ناسەقامگیری سیاسی لە هەرێمی کوردستان،هەولێر، چاپ و بڵاوکردنەوەی_ دەزگای ئاراس.
ڕۆژنامەی ئاوێنە، ژمارە_256، 2011/1/4
زادە، د.ئەحمەد نەقیب (2007) پێشەکییەک لەسەر کۆمەڵناسی سیاسی، وەرگێڕان_مەسعود ڕەواندوست، هەولێر، چاپ_ چاپخانەی دەزگای ئاراس.
زێباری، تاهیر حەسۆ (2017) تیۆری هاوچەرخ لە کۆمەڵناسیدا، هەولێر، چ _ دوەم،
سابیر، ڕۆژگار سەعدی (2017) دەرهاوێشتە کۆمەڵایەتییەکانی ململانێی سیاسی لە هەرێمی کوردستان _ عێراق، نامەی ماستەر، هەولێر، کۆلیژی ئاداب بەشی کۆمەڵناسی، زانکۆی سەلاحەددین.
سابیر، فواد سدیق(2011) ڕۆڵی حزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان لەچالاککردنی کۆمەڵگای کوردی، نامەی ماستەر، زانکۆی صلاحەددین، هەولێر.
سابیر، فواد سدیق(2011) ڕۆڵی حزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان لەچالاککردنی کۆمەڵگای کوردی، نامەی ماستەر، زانکۆی صلاحەددین، هەولێر.

سالّح، د.یاسین (2020) حزب و بەربەستەکانی بونیادی دەسەلآتی دامەزراوەیی لە هەرێمی کوردستان، -شرۆڤە_ وەرزە گۆڤارێکی سیاسی هزرییە_ سەنتەری دیراسات و توێژینەوە و ئەکادیمیای پارتی بلاوی کردۆتەوە_ ژمارە (31) .

سدیق، فواد (2015) قەیرانی کۆمەڵگاو پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان.

سلّطان، شێرزاد (2010) کاریگەری هۆکارە کۆمەلآیەتیەکان لەسەر ڕەفتاری سیاسی، نامەی ماستەرە بلآو نەکراوەتەوە، پێشکەش کراوە بە کۆلیژی ئەدەبیات، بەشی کۆمەڵناسی.

سی، بی، مەکفێرسۆن (2005) دونیای ڕاستەقینەی دیموکراسی، وەرگێران_ ئیسماعیل ئیسماعیل زادە، هەولێر، چاپ_چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە،لا5

شەریف، ڕۆزە عەبدوڵلا (2008) ڕەهەندە کۆمەلآیەتیەکانی ناسەقامگیری سیاسی لە هەرێمی کوردستان، هەولێر، چاپ_ دەزگای ئاراس.

شیراوی، دلّشاد سیامەند(2021) ڕۆلّی پارتە سیاسییەکان لەگۆرانی کۆمەلآیەتیدا، تێزی دکتورا، هەولێر، کۆلیژی ئاداب بەشی کۆمەڵناسی، زانکۆی سەلاحەددین.

صادق، بارزان جوهر (2021) متمانەی سیاسی بەسیستەمی سیاسی هەرێمی کوردستان، هەولێر، شوێنی چاپی نیە.

عارف، ئەسعەد ئەنوەر (2016) ڕاگەیاندن لە پێناو ئازادی و بەرپرسیارەتی کۆمەلآیەتیدا،http://www.penus.krd/index.php/ckb/ 2018-04-02-19-11-33/item/247-2018-09-02-09-18-56-38)

عبدالله، چنار سعد (2002) کاریگەری باری سیاسی لەسەر گەشەکردنی هۆشیاری نەتەوەیی کورد دوایی ڕاپەرینی سالّی 1991، نامەی ماستەر توێژینەوەیەکی بلاونەکراوە، بەشی کۆمەڵناسی زانکۆی صلاحەدین_هەولێر

عزیز، حوسێن محەمەد (2003) سنورە قەدەغەکان مەشکێنن، سلێمانی، چاپ_چاپخانەی سیما.

عەبدالخالق، مسعود (2014) ناسنامەی حزبە کوردستانییەکان، هەولێر، چاپی2، چاپخانە_ چاپخانەی هێڤی.

عەبدوڵلا، مامۆستا سەعد (2004) ئەمرۆ نەک سبەی، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی کشتوکاڵ.

عەلی، نیاز سەعید (2004) لێکۆلینەوە لە ئیسلامی سیاسی، سلێمانی، چاپ_مەکتەبی بیرو هۆشیاری(ی.ن.ک)، لا62

عیزەت میگە، بەلّێن (2017) پارتی سیاسی و ململانێی ناوچەگەری لە هەرێمی کوردستان. https://www.sharpress.net/op-detail.aspx?jimare=87188

فاتیح، محەمەد (2022) دەسەلآت و ململانێی سیاسییەکان لە عێراق، هەولێر، چاپ_ چاپخانەی ڕۆژهەلآت.

فەتاح، ئاراس (2007) چەمکی ململانێ، سلێمانی، چاپخانەی ڕەنج.

کۆچیرا، کریس (2011) کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستدا، هەولێر، چ6، چاپ_چاپخانەی ڕۆژهەلات.)

گەنتەر، مایکل (2007) فەرهەنگی مێژوی کورد، وەرگێران_مامکاک، هەولێر، چاپ_چاپخانەی دەزگای ئاراس.

گەوهەری، حامید (2020) قیادە موقتە، ستۆکهۆلّم.

مام خول، ڕەفیق ڕەحمان (2012) مستەفا بارزانی ژیان و ڕۆڵ وهەلّوێستی لەپێشهاتە سیاسییەکاندا(1958-1970) هەولێر، چاپ_چاپخانەی شەهاب.

محەمەد خەبات (2016) https://www.gulanmedia.com/so/story/-شکستی-ڕاگەیاندنی-هەرێمی-کوردستان-لە-بەڕێوەبردنی-ململانێ-و-کێشەکان.

مستەفا، حەسەن، بژار عبداللە (2012) سیستەمە سیاسییەکان، هەولێر، چ2، چاپ _ چاپخانەی سۆران.

مەحمود، ڕێبوار کەریم (2009) پارتە سیاسییەکان و ڕای گشتی، سلێمانی، چاپـ_ دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی.

نەجاڕ، پ.د.شێرزاد (2021) چۆن سیاسیانە بیر بکەینەوە، هەولێر، زنجیرەی کتێبی گۆڤاری گوڵان ژمارە:19.

نەجاڕ، شێرزاد (2021) چۆن سیاسیانە بیر بکەینەوە، هەولێر، چاپ بڵاوکردنەوەی گۆڤاری گوڵان.

هەورامی، هێمن (2011) دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن لە تاقیکردنەوەیەکی دیموکراسیدا، هەولێر، چاپـ_ چاپخانەی ئاراس.

وەلەدیەگی، ئازاد (2017) ئازادیی خۆپیشاندان لە نێوان یاسا و پراکتیکدا، http://penus.krd/index.php/ckb/2018

الأسود، دصادق (1986) علم الأجتماع السياسي _ اسسة وأبعاد، الموصل، مطبعة جامعة الموصل.

الهيتي، رياح مجيد ( 2009 )، محاظرات في النظرية الإجتماعية، مكتبة النوف، العراق.

اليونسكو، الهيئة المصرية العامة للكتاب.

الشرقاوي، سعاد(٢٠٠٧)، النظم السياسية في العالم المعاصر، مركز دراسات، جامعة القاهرة، ص204-205.

الزيباري، طاهر حسو (2011) أساليب البعث العلمى فى علم الآجتماع، بيروت، مجد الؤسسة للدراسات والنشر والتوزيع.

الحسن،د.احسان، محمد (1984) علم الجتماع السياسى، موصل، مطبعة_ جاوعة الموصل.كوركوف، فليپ (2014) كبار المفكرين

الحسن، إحسان محمد ( 2003)، النظريات الإجتماعية، عمان، المتقدمة، دار وائل للنشر.

الخرسان، صلاح (2001) التيارات السياسية فى كردستان عيراق، بيروت، مؤسسة البلاغ، ص53

الخزرجي،تامر كامل محمد (2004) النضم السياسية الحديثة والسياسات العامة، عمان، الدار الحدلاوى.

بدرالدين، أكرم (1986) مفهوم الديمقراطية الیبرالية أطتور الديمقراتي في مصر، القاهرة.

ربنى، اوستن (1966) سياسة الحكم، ط2، ترجمة- د حسن على الدنون، بغداد، المكتبة اللآهلية للنشر.

شريف، د.عبدالستار طاهر (2007) الجمعيات والمنظمات والأحزاب الكوردية فى نصف قرن 1908_1958، سليمانية، المؤسسة سردم، ط2، ص41

عبد السلام، محمد عوض ( 1986 ) الفعل الاجتماعي عند تالكوت پارسۆنز، الكويت، دار المطبوعات الجديدة.

عبدالحميد، زينب عوض (2003) دراسة لبعض المتغيرات الاجتماعية والقتصادية والثقافية المرتبطة بالستقرار فى المجتمحات الجديد المنطقى جنوب التحرير وينبجر لسكر، رسالة دكتورا، كلية الزراعة، الجامعة القاهرة.

عبدالرحمان، د.عبدالله محمد (2001) علم الاجتماع سياسى، بيروت، دار النهضة العربية.

عبدالرحمان، سەروەر (2002) يەكێتى نيشتمانى كوردستان، سلێمانى، چاپ_سەنتەرى چاپ و بەخشى تەما.

عبدالكافى، أسماعيل عبدالفتاح (2012) اسس مجالات العلوم السياسة، الاسكندرية، الازاريطة.

عبدالله، ثناء فؤاد (2005) مستقبل الديمقراطية فى مصر، مصر، الناشر مركز دراسات الوحدة العربية.

فى السياسة: مسارات انقدية فى فلسفة السياسية، لوبنان، ترجمة، على نجيب ابراهيم, دار الكتب العربية بيروت.

ماركس، كارل وأنجلز، فريدريك (1964) الايديولوجية الالمانية، ترجمة- فؤاد أيوب، دمشق، دار مشق للطباعة والنشر

مدكور، ابراهيم ( 1975 ) ونخبه من الاساتذة المصرين والعرب معجم علم الاجتماع، القاهرة,

منصور، بلقيس أحمد (2004) الأحزاب السياسية والتحول الديموقراطي دراسة تطبيقية علي اليمن ولبلاد اخرى, مكتبة مدبولي, القاهرة.

ابو سايمان، عبدلوهاب ابراهيم (2005) كتابة البحث العلمى صياغة جدبدة، طبعة7، الرياض: مكتبة الرشيد – ناشرون.

البرواري" رشيد ملا حسين احمد (2020) مناهج البعپ العلمى فى العلوم الانسانية، ترجمة بوزيد صحراوى و اخرون، الجزائير: دار قصبهة للنشر.

.Weber, M. (1930) The protestant Ethic and the Spirit of Capitalism, translated by Talcott Parsons, first published, New York , America.

Firth (1966) Elemhts, of social or ganization, London

Hobbes,T.(1951) Levianan: or the matter, forme and power of a common-wealth, London.

Mustafa, M., S. (2016). The trajectory and current state of intra-Kurdish politics in Kurdistan Region, the role and influence of Iran and Turkey.

-Oettershagen. V. (2015). The Instrumentalisation of Constitutional Conferments of Autonomy in Iraq's Constitution to Preclude Iraqi Kurds' Calls for Independence. Retrieved from https://openaccess.leidenuniv.nl/handle/1887/33563

Purohit, Shrinkant., And Mohan, Regi (1976). Selected perspectives of modern theories of social change. International review of modern sociology review, 6 (2),

Sartori, Giovanni (1976) Parties and Party Systems: A Framework for Analysis. Cambridge: Cambridge University Press

. Firth، R. (1966), Elements. Of social organization، London.